# ناوی کاراکتەر لە چیرۆك و ڕۆمانی پاش ڕاپەڕیندا

**بوشرا کەسنەزانی**

**دەستپێك :**

ئەم کارە لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە لە سەر ناوی کاراکتەر لە ڕۆمان و چیرۆکی دوای ڕاپەڕیندا، ئەم قۆناغـەی سنوری کارەکەمان فراوانە وئەزمونی نزیکەی 18 ساڵ دەگرێتـەوە. ڕەنگـە ئەمـەش بـۆ وەهـا لێکۆڵینەوەیـەك کارێکی گرانبێت، بەڵام لەو ڕوانگەوەی ئەم قۆناغە کۆکاری کەمی لەسـەر کـراوە، وەك پێویـستییەکی زانـستی بەباشمان زانی کاری لەسەر بکەین، تا بگەینە کۆمەڵێك ئەنجامی شیاو. بۆ ئەمەش بە پێی پێویستی کارەکـەمان ژمارەیەك چیرۆکنوسمان وەك نمونە بۆ پڕاکتیکی کارەکەمان هێناوەتەوە و سودمان لە کتێبی چاپکراوی نوسەر یان بلاَوکراوەی ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکان وەرگرتووە.

## چەمك و پێناسەی ناو: (سەرەتایەکی ناوناسی)

ناو پۆلە ڕەگەزێکی فەرهەنگییە، پۆلێنکراوە بۆ چەند گروپێك لەسەر بنـەمای سـیمانتیکی و سینتاکـسی. یەکێك لە پۆلـەکانی نـاو بریتییـە لـە نـاوی مـرۆڤ، کـە بەشـێکە لـە کەسـێتی بەهۆیـەوە لـە شـتەکانی دی جیادەکرێتەوەو دەناسرێتەوە. ناو جیاکەرەوەو سنووردارکەری شت و کەسە(بێگیان، گیانـدار) و کاردەکاتـە سـەر تێکەڵنەبوون و تێك نەڕژان و هەوڵی پۆلێنکردن دەدات بۆ ناسینەوەو تایبەتکردن. پۆلێنەکانی ناو لـە سیـستمی تایبەتدا کاردەکەن لە ناو زماندا.

مرۆڤ لەسەرەتای بوونیەوە پێویستی بەناو هەبووە بۆ ناسین، چونکە بە تەنها نەژیاوە و پێویستی بـە جیاکردنـەوە هەبووە لەوانی تر، بۆ ئەمەش دەکرێ لە ئایینەوە بڕوانینە ئەم بابەتە کە ناو پـیرۆزی خـۆیی هەیـە تیایانـدا. لـە قورئانی پیرۆزدا وەك کتێبێکی ئاسمانی کە باسی دروستکردنی یەکەم مرۆڤ دەکرێت، لەگەڵیدا هەست بـە گرنگـی ناو دەکرێت، بەپێی گێڕانەوە تێیدا، هێزی بالاَو دروستکەر بەر لە هەر کردەیەك بونەوەری تازە دروستکراو، فێری ناوی هەموو شتەکان دەکات، تاکو دەرفەتی پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی هەبێ و بە سـانایی شـتەکان بناسـێنێ و ناویان بنێ. لەم خاڵی سەرەتایەوە ناو بە پیرۆزی دێتە بوون، چونکە لـە زاری هێـزی بـالاَوە هاتۆتـە بـوون و لـە پڕۆسەیەکی تەك کرداریدا فێری تاکە مرۆڤی تازە ئەفرێنراو کراوە. ناو لەم قۆناغەدا دەستبەجێ بەرگی پـیرۆزی و ئاسمانی بەبەردا دەکرێت، دەبێتە جیاکەرەوەی مەوجودەکان(فریشتەکان و مرۆڤ) و تاکی مرۆڤـی هـەبوو دەفـامێ

بەکاریان بهێنیٚ و بەهۆیەوە لە شتەکان بگات، کاتێکیش دەبن بــە دووان و دواتــر زۆرتــر ناوەکــانیش زۆرتــردەبن وئاڕاستەیان جیادەبێتەوە.

ناو وەك پرۆسەیەك لە ناو زماندا و هاوتا دروستکراوی یەزدانی دوا قۆناغدا دێتەبوون، چرکە ساتی فێرکردن ئــەو کاتەیە کە ئادەم کاملّدەکرێت بەهۆی ئەو ناوانەوە، لەهەمانکاتدا ئەو ناوانە وەك تەواوبونی ئادەم نیــشاندەدات و بەهۆی زانینەوە ئادەم دەکاتە بونەوەرێکی جودای هەمەزان و دەبێتە هۆی ئەوەی کە فریشتەکان لە نەزانی خۆیان تێبگەن. ناو لێرەدا دەبێتە هۆی دیاری کردنی بەرتر و باشتر. (والتەر بنیــامین) لــە دیــدی ئــاین و لــە ڕۆشــنایی تەوراتەوە دەڕوانێتە ئەم بابەتە و پێیوایە کردەی ئەفراندنی گەردوون لەلایەن خواوەندەوە بەرلە هەمووشت بــەهۆی ناونانەوەیە کە( کردەیەکی زمانییە)[1]وەك چۆن لە قورئانیش دا هــاتوە، ئــەم کردەیــەی ئەفرانــدن ئــەو کاتــە بــە کەماڵی خۆی دەگات کە شــتەکان نــاوی خۆیانیــان لەلایــەن مرۆڤــەوە پــیٚ دەبەخــشرێت[2].بۆچــونەکانی بنیــامین خوێندنەوەیەکی فەلسەفییە بۆ ناونان بەهۆی ڕوانین لە بەسەرهاتی ئادەمەوە و وەرگرتنی لە تەوراتەوە کە بونیادی ڕیشەیی هەیە لەگەڵ هەموو کتێبە ئاسمانییەکاندا و تەنها جۆری گێڕانەوەکانیان جودایــە. ئــەوەی ســەرنج دەدریٚ ئەو کردەیەیە کە پڕ بەهایە لەلای خوداوەند و، دروستکراوەکانی دیکە لێی بێبەرین، پێویستە ئادەم بیزانــیٚ کــە جێگیری خوداوەندە.[3]دەکرێت بەو بارەدا خوێندنەوە بۆ ئەم ڕوە ئاینییە بکەین کە ناو بەرلەوەی هۆکارێــك بــیٚ بــۆ تێگەشتنی نێوان کەسەکان و خۆشکردنی پەیوەندییەکان، هۆکارێکە بۆ خودی تاك تاوەکو بگاتە تێگەیشتن لەگەڵ شتەکاندا.

لە دەرەوەی ئاینیش مرۆڤ پێویستی بە ناونان هەبووە، لە شێوەی مرۆڤی سەرەتاییدا، مەرج نییە ئەو نــاوە نــاوی تایبەتی بووبیٚ بەڵکو دەشێت ناوی نیشانە یان هەر شتێکی دیکە بووبیٚ، تاکو ئەو کەسەی پیٚ جیابکرێتــەوە لــە کەسەکانی دیکە. هەر بۆیە لە ناو مرۆڤی سەرەتاییشدا ناوی تایبەت بە مرۆڤ لە هەموو جۆرەکانی دیکە چست و چالاك تر بووە. بە هۆی پێویستی مرۆڤەوە بووە وەك یەکێك لە پێداویستیەکان.

مرۆڤی سەرەتایی ناوی ناوە و بەلاّم بەم شێوازە پێشکەوتوەی ئێستە نەبووە، چونکە  هێشتا وشەی ئامــادەکراوی نەبووە تاکو ناوی پیٚ بنیٚ، بەلاّم ئەمە نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم ناونانیــدا، بــەڵکو هەوڵیانــداوە، بــەهۆی ناونانــەوە بیناسنەوە کە لەقەب بووە یان ناونیشان و ئاماژەیەك.[4] ئەم ناونانە لەسەرەتادا باوبووە بەلاّم بەهۆی پێشکەوتن و گۆڕانی شارستانیەت و کۆمەڵگاکانەوە ناویش بەر گۆڕان کەوتوە، بە تێپەڕینی زەمەن ناو تایبەتترکراوە تاکو بۆتە بەرگی تەواوی ناسینەوەی مرۆڤەکان.

---

[1] ڕێبوار سیوەیلی، دونیای شتەبچوکەکان، ل 264

[2] هەر ئەو سەرچاوەیە.

[3] سیوەیلی لە وتارەکەیدا بە هاوشانی باسی دەکات بەلاّم ئێمە دەڵێین جێگر چونکە لە قورئان دا هاتوە ئێمە کردمانن بە جێگر

[4] محەمەد فاروق عومەر د.، تاوی تایبەتی مرۆڤ لە زمانی کوردی و چەند زمانێکی تردا

لەگەڵ قۆناغەکانی شارستانییەتدا ناو ئاراستە و مانــای دیکــەی وەرگــرت، بــۆ نمونــە لــە قۆنــاغی ســەرەتایی و خێلاّیەتی دا ناوی لەقەبی یان لەقەبی مەجازی کاردەکات، لە قۆناغێك لە قۆناغێکی دیکەدا گۆڕا بە چەند لەقب و چەند لەقەبێکی مەجازی بۆ تاکەکەسێك وە دووبارە لە پلەیەکی دیکەدا لەقــەبی بنەماڵــەش هاتــە ئــاراوە کــە ئاماژەی پێکرا. لە دوای ئەم قۆناغە لە قۆناغی پەیدابوونی ڕژێمی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی دا، ناو پەرەیسەند وەك ناوی جێگە و شوێن و پەیدابوونی ناوی باوکایەتی و لەگەڵ پێشکەوتنی ژیانیاندا گرێو گۆڵ و ئاڵۆزی، ناو لە فرە ناوییەوە بەرەو کەم بوونەوە ڕۆی تا ناوی فامیل بەکارهات. قۆناغی سەرمایەداری بەهۆی گۆڕانی گوزەران و فراوان بوونی جێگاوە، ئەو ناوانەی کە لەسەردەمی پێشوودا هەبوون کەم بوون و بەشی سەردەمی نوییَ نــەدەکرد، دانیشتوان زۆربوون لە هەمانکاتدا ناسینەوە ئەستەم دەبوو، چونکە لەقــەب و نازنــاو بــە پێــی مــەیل و ســەلیقە بەکاردەبران و لەبەردەم گۆڕانی بەردەوامدابوون، هەر بۆیە لێرەوە( نــاوی خــود یــا چــەند ناوێــك، نــاوی بــاوك و فامیلی)هاتە ئاراوە و تا ڕادەیەك ناو چەسپا.[5]

به درێژایی مێژوو ناو وەك تایبەتمەندکردنی تاك و پێناسەی ڕوکاری لە ئاستی کۆمەڵدا، پەیوەست بووە بە باری کۆمەلاّیەتی و ئاین وکلتورو بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایەوە کە ناوەکەی تێدا دەنرێت و هەوڵدراوە ناوێك لە منداڵە تازە بووەکان بنرێت، کە یان هەڵقولاّوی ئەو کلتورەبێت یان لەگەڵ سیستەمی ژیانیان (لە ســەرەتادا خێلاّیــەتی و دوای سەرمایەداری) بگونجیَ. هەر میللەتەو خاوەنی تایبەتمەندی خۆییەتی لە پرۆسەی ناونانــدا و بــەهۆی نــاوەوە دەتوانرێت خوێندنەوە بۆ کلتور و بیر و ئەندێشەیان بکرێت و پەی بە بیریان ببرێــت لەســەر بەخــشینی ناوێــك بــە منداڵێك . چونکە دواجا ناو تەنها وشەیەکی فۆنەتیکی نییە(ڕەنگە ئێستا وابیَ لەسەر دەمی پۆست مۆدێرینــەدا) بەڵکو هاوتا هەڵگری مانایەکە و هەڵبژاردنی هەرناوێکیش قبوڵکردنی ئەو مانایە یە بۆ ئــەو تاکــە نوێیــەی کــە پێدەخاتە ناو کۆمەڵەکەوە، ئەو ناوە دەشیَ هەڵگری پیرۆزی ئایینی بێی، بە پێی ئاین و مەزهەبی ئــەو کۆمــەڵ و سەردەمە، یاخود سروشتی یان ناوی ئاوەڵناوی و واتایی لە منداڵ دەنرێت ، کە ئەمە زیاتر لە ناوەکانی سەردەمی نوێدا بەرچاو دەکەوێت زیاتر پتەوی ناو نیشاندەدات.

بە شێوەیەکی گشتی ناو لە زمانی کوردیدا کارکردێکە کە لەتــەك کلتــورو بیرکردنــەوەی کۆمەڵــدا تەبایــە و لــە پرۆسەی ناوناندا ڕەچاوی مانا و فۆنەتیکی و ئاواز و خاڵی هاوبەشی ناو و ناولێنراو دەکرێــت، چــونکە(دەلالــەتی لەفزی دەوری خۆی لە بواری بەکارهێنان و گونجاندنی لەگەڵ واقیعی سایکۆلۆجی نەتــەوەدادەگێڕێت و ئــەبیَ بــە ڕەمزێکی ڕەها بۆ مرۆڤ و ئاوات و ئارەزوو ئەلهای شارستانییەتی و پاشەڕۆی ئەو مرۆڤە)[6] هەر بۆیــە تاڕادەیــەك

[5] محمد فاروق عمر د.، دەستوری پێوەلکاندنی مرۆڤناو بە ناوی باوك و باپیر و لەقەبەوە لە زمانی کوردی و چەند زمانێکی تردا، ڕۆشــنبیری نــویَ، ژ 126

[6] مەحمود زامدار، ناو نازناو، ل3

کورد گرنگی بە پاشەڕۆژی ئەو مرۆڤە داوە (لەسنوری بیرکردنـەوە و لێکدانـەوەی خۆیـدا ) لـە هـەوڵی ناونـانی پەسەند دابووە، کە زۆر جار خاڵی نەبووە لە تێڕوانینێکی ئایینی.
هەڵبژاردنی ناو لە ناو کلتوری کوردیدا بارگاوییە بە ترسێك لە ساتی بڕیارداندا، بەو پێیـەی پابەنـدن بـە ئـاینی ئیسلامەوە، ئاینەکە داوای ناوی شیاودەکات بۆ تاکەکان، ئەم داوایە لە ئایینـەوە دێتـە نـاو کـەلتور و گـۆڕانی بەسەردا دێت و لە لای زۆرینە وشەی (اسم)ی عەرەبی لە واتای فراوانی نـاوەوە دێتەوەیـەك و دەبێتـە چـەمکێك مانای ناوی عەرەبی ئیسلامی وەردەگرێت، کە دەبێت لە قورئاندا هاتبێت. ئەم تێگەشـتنە بـۆ مـاوەی چـەندین سەدە بەرامبەر بە ناو دەمێنێتەوەو دەبێتە هۆی پوکانەوەی ناوی غەیرە عـەرەبی و گەشـەکردنی نـاوی عـەرەبی بەبێ گوێدانە واتا، چونکە بە هەڵە بیرێك وەرگیراوە کە بیری پیرۆزی ناوی عەرەبییە. فراوانبوونی بیر و تێگەشتنی دروست لە ئایین ئەم تێڕوانینە هەڵەیە دەشکێنێت و ناوی کوردیی فراوان دەبێتەوە لە ئاستێکدا کە ناو شـیاوبێت بۆتاك و نەبێتە مایەی شەرمەزاری و ئازاری دەرونی نەدات. لێرەوە ناوانێك لە منداڵ دەنرێت کە واتـادارن و لـە ڕوی سیمانتیکییەوە پەیوەستن بە نـاوەڕۆکی نـاوەوە، ئەمـەش چرکەسـاتی ناونانـە لـەلای ئەوانـەی کـە ناوەکـە دەبەخشن. بە واتایەك، ناو بەرلەوەی ببەخشرێت هەیە لە ناو فەرهەنگی زمانی و کێڵگە واتاییەکاندا، کاتێك ئەو ناوە بۆتاك دەخوازرێت، ڕەچاوی ئەو واتایە دەکرێت و هەوڵی جۆرە نزیك بوونەوەیەك دەدرێت لـە ڕووی واتاییـەوە لە نێوان ناوی وەرگیراو و ناوی هەبوودا، بۆ نمونە کاتێك کچێك ناو دەنرێت (شەوبۆ، گوڵاڵە، ناسك) یـان کوڕێـك ناو دەنرێت( فەرهاد، شوان، پۆڵا) لە زۆر باردا کە سانی ناونەر لەنێوان مەبەست و خۆزگەی خۆیاندا ئەوناوانە بۆ منداڵ هەڵدەبژێرن، شەوبۆ هەم لەڕوی ناسکییەوە هاوتا لە روانگە سروشتییەکەوە وەك نـاو پەسـەند دەکـرێ، بـۆ ناسك و گوڵاڵەش، بەهەمان چەشن لەگەڵ ئەوەش دا تەمەننایەکە بۆ ئەوەی هەڵگری ئەو نـاوە ناسـك بـێ و وەك تەنێك ئەو خەسڵەتە هەڵمژێت. ناوی فەرهاد دەگەڕێتەوە بۆ ئەفـسانەی دڵـداری شـیرین و فـەرهاد، بـەهۆی ئـەو ناوەوە وا لە کوڕی تازە بوو دەگەیەنرێت کە دەبێ هەڵگری سیفاتی ئـەو کەسـێتییە بـێ کـە فـەرهادی کۆهکـەن هەیبووە. ناوی شوان لە کلتوری کوردیدا پڕاوپڕ وەك خۆی بەکاردێت. ئەم ناوە لە کێڵگـەی واتـایی( مـەڕ، بـزن، شوان، ..) وە وەردەگیرێت و دەبەخشرێت بە کوڕێك کە کۆمەڵێك خوشکی هەبێت، ئەم بتوانێت پارێزگارییان لـێ بکات. لێرادا ئەم ناوە بەهۆی وەرگرتنی ناوێکەوە کە بەخشەری وێنەیەکە، دەبێتە پێکهینەری وێنەیەکی دی کـە خاڵی لێکچونیان گەلێك زۆرە. بە هەمان شێوە بۆناوی پۆڵاش ویستی ناولێنەرە تا منالەکەی وەك تەنی پۆڵا وابێ بەرگەی هەموو ئازار و ناخۆشییەکان بگرێت، (هەرچەند ئەمە واناکەوێتەوە!). لێرەوە دەگەینە ئەوەی ئەم ناوانـە خۆیان هەن و لەم پرۆسەیەدا نـاو و نـاولێنراو پەیوەندییـەکی واتاییـان هەیـە لـە زۆر بـاردا. بـەلاّم ئەگـەر ئـەم پەیوەندییە بۆ قۆناغی پێشتر ورد بکەینەوە، واتە ئەو کاتەی کە هێشتا بـە منـداڵ نەبەخـشراوە، ئەوەپێویـستە هەڵوێستەی لێ بکەین، چونکە ئەو کاتە دەچینە ناو پەیوەندی ناو و ناولێنراوە، ئەمەش لەلای زۆرێك لە زانایـان و فەیلەسوفان جێگەی مشت ومڕ بووە. لەلای ئەفلاتون پەیوەندی وشە وشت پەیوەندییەکی پڕاوپڕە، واتـای وشـە ئەو شتە ناولێنراوەیە بە وشە. واتای مێز ئەو بابەتە بەرجەستەیەی مێزە. ئەم بۆچونە دەشێ جۆرێك لە ڕاستی بۆ

شته بەرجەستەکان تێدابێت، بەلاّم بۆ ناولێنراوە ئاوەڵناوییەکان، (جـوان، خـراپ..)و کارەکـان(خـواردن..)وەیـان بەشە ئاخاتنەکانی ئامرازی پەیوەندی و بەستن، ناتوانین بیر لـە شـتێکی دیـاریکراوی بەرجەسـتە بکەینـەوە بـە ڕوونی، ئەمە جگە لە وشەی نابەرجەستە، ئەو وشانەی کە لەگەڵ کرۆکی ڕاستەقینەیاندا ناگونجێن وەك (جنۆکـە، خێو..). ئەم بۆچونانە تاهاتنی دی سۆسێر، گۆڕنێکی وەهایان بەسەردا نـەهات، بـەلاّم بـە بـیر و دوالیزمـەکانی فەردیناند دی سۆسێر گۆڕانێکی ڕیشەیی بەرامبەر بە تێگەشتنی شت و وشە کرا، بەهۆی دامەزراندنی پەیوەندی نێوان وشەیەك و ڕاستییەکان بە هۆی مەزەندەکردنەوە. لەلای ئەم وشەی (مێز) تەنیا بابەتە بەرجەستە کە نییـە، بەڵکو مەزەندەو بیرکردنەوەیە لە (مێز).[7] لەلای سۆسێر وشە یان ناو دوو ڕەگـەز لـە خـۆی دەگرێـت یەکـەمیان وێنەی دەنگ کە بریتییە لە (دال) کە دەکرێ لە شێوەی گـۆکردن و دەربڕینـی وشـە بـێ، دووەم، چـەمك و واتـا دەگەیەنێت، کە بریتییە لە (مەدلول) ئەوشتانەیە کە هێماکە(ناوەکە) دەنوێنێ. ئەوەی بەلای ئێمەوە گـرنگ بـێ ڕاکەی سۆسێرە لەسەر پەیوەندی دال و مەدلول کە بەلایەوە هیچ بوونێکی فیزیکییان نییە و بوونەکان تـەنها لـە مێشکی قسەکەر دایە و پێی وایە دال و مەدلول دوو کـاری ئەبـستراکتن و هـەر دووکیـان تـەواو یـەکتر نـانوێن، هەردووکیان سروشتێکی دەرونیان هەیە. بۆ نمونە وشەی مێز لە وێنەیەکی دەنگی پێکهـاتوە، پێـی دەوترێـت دال واتاکەشی کە مێزێتی دەبەخشێت مەدلولی پێدەوترێت، وە پەیوەنـدی مێـز و مێزێتـی پەیوەندییـەکی سروشـتی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی زاراوەیی گشتییە.[8] واتە ئەم پەیوەندییە لە خۆیەوەیە قسەپێکەرانی زمانێك لەسـەری ڕێك کەوتوون، بەڵگەش بۆ ئەمە گۆڕینی(دالە) لە زمانەکاندا، ئەگەر ڕێك نەکەوتبن، ئەوا ئـەو دەنگـە چـەمکی ئەو شتە ناگەیەنێ.

ئەم تێڕوانینانە لای( والتر بنیامین) بە جۆرێکی تر دەکەوێتەوە ئەوەش لە تێڕوانینی بـۆ ناونانەوەیـە بەگـشتی و ناوی مرۆڤ بە تایبەتی، ئەو پێی وایە، بەهۆی نـاوی تایبەتییـەوە هـەر تاکێـك گرەنتـی ئافەریـدەبوونی لەلایـەن خوداوەندەوە بەدەست دەهێنێ وتاڕادەیەك دەچێتەوە سەر ئەو ئەفسانەیەی کە ناوی هەر مرۆڤەی چارەنووسی ئـەو مرۆڤەیە و تا ڕادەیەك بە ڕاستی دەزانێت و دەڵێ (ئەو بڕوایەی کە بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕاست دەردەچێت) . زمان لە ڕێگای پەیوەندی بە زمانی شتەکانەوە دەبێت، وشەی مرۆیی هەمان ناوی شتەکانە، لێـرەوە نـاکرێ وەك بۆرژوایەکان بڕوانینە زمان کە وشە پەیوەندیەکی ڕێکەوتی لەگەڵ واتاکەی دا هەیە و وشە تەنها ئاماژەیەکـە بـۆ شتەکان بەهۆی جۆرێك لە ڕێکەوتەوە. زمان هەرگیز ئاماژەی تەواو(صرف) ناخاتە ڕوو، هاوتا ڕای عارفـەکانیش ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێن وشە (هەمان خودی شتەکەیە) و دەڵێت ( ئەم وشەیە هەڵەیـە)، چـونکە شـت لـە خـودی خۆیدا هیچ وشـەیەك نییـە، بـەڵکو لەلایـەن وشـەی خـوداوە دروسـت بـووە، وشـەی مـرۆڤیش بـەهۆی نـاوەوە

---

[7] کلۆد جێرمان ریۆ دۆبلان، واتاسازی، و.د.یوسف شەریف، ل2

[8] رامان ژ 100

دەناسێتەوە.[9] ئەم بۆچونەی بنیامین زیاتر بۆچونێکی میتافیزیکیە و کردەی ناونان بە کردەیەکی پیرۆزی یەزدانی دادەنێ و پەیوەندی پەیوەندی ناو وناولێنراو بە پەیوەندییەکی یەکانگیر دادەنێت لە نێوان ئەو دوانەدا.
بەشێوەیەکی گشتی ئەمە مێژووی ناوە و شێوازی بەکارهێنانی، لەوڕوەی کە چیرۆکیش تەواو لادەر نیە لە واقیع ئەوا دەشێ جۆرە نزیکیەك لە بەکارهێناندا هەبێ، یاخود چۆنیەتی هەڵبژاردنی ناو کە زۆر جار هۆکارێك لە پشتیەوەیە دگوێزرێتەوە بۆ ناو، ڕۆمان و چیرۆك.

## ناوی کاراکتەر لە چیرۆکدا(ڕەوتی مێژوویی)

ناوناسی چیرۆك(narrative onomastics) یەکێکە لە لقە نوێکانی زانستی ناوناسی، کە گرنگی بە سیاسەتەکانی پرۆسەی ناونان دەدات لەلای چیرۆکنووس، ناوەکانی شوێن و کەس دەگرێتەوە.[10] مەبەستی ئێمە لەم باسەدا ناوی کارکتەرە.کاراکتەر یان کەسێتی یەکێکە لە بنەما پێکهێنەرەکانی چیرۆك و ڕۆمان، هەڵسوڕاوانە لە چیرۆك دا کاردەکات و لە ناو ڕووداوەکاندا بەردەوامی و لە خاڵێکدا کۆتای پێ دەبەخشرێت، لەبەر ئەوەی چیرۆك بۆ مرۆڤ و تاکەکان دەنوسرێ و ئەوان دەیخوێننەوە، ئەوا لە ڕێگای ئەوانەوە باس لەمەبەستەکان دەکات، و نمونەیان دەباتە نێو خۆییەوە. ئەم کاراکتەرە لە ناو چیرۆکدا لەگەڵ هەریەکێك لەو ڕۆلانەی کە پێی دەبەخشرێت (وەگێڕ، پاڵەوان، باسلێکراو..گەشەسەندو، چەسپاو، سادە..)دەبێتە هەڵگری تایبەتمەندی ئەو کەسە بەهۆی وەسفی چیرۆکنوس و دایالۆگ و دواجار هەڵسوکەوت و ڕووبەڕوبونەوەیان لەگەڵ یەکتردا(ئێمە نامانەوێت لەسەر ئەمە بوەستین)، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کەسێتی لەناو چیرۆك و ڕۆماندا بەوپێیەی وێنەیەکی تری واقعە، هەڵگری ناوە. چیرۆکنووس لە باری ئاسایی و پێویستدا کەسێتیەکان ناودەنێت. لە چیرۆکدا بەهۆی مەودا کەمی و کورتبڕییەوە ناو بە ڕێژەیەکی کەم بەرچاودەکەوێت، بەلاّم لە چیرۆکی درێژ و نۆڤڵ و ڕۆماندا، کەسێتیەکان بەر لەهەموو شت وەك پێویستییەکی کەسێتی پێویستی بە ناودەبیت. ئەم ناوانە گەلێك جار بێ مەبەست بەکارهاتوون و هەندێکیشیان بەمەبەست خواستراون . بەلای ئێمەوە ئەم ناوانە جێگەی سەرنجن، چونکە دواجار دەبنە ناسێنەری بەشێکی کەسێتی ئەو کاراکتەرە، ئەگەر نووسەر لە ڕێگای وەسفی ناوەوە یان دەرەوە، کەسایەتی بە ئێمە بناسێنێ لە ئاستی دیاردا، ئەوا دەتوانێ لەهەردوو شێوەی کۆد و ئاشکرادا، ناویش ببێتە بەشێك لە کەسێتی کاراکتەرەکە و یاریدەدەرێکی باشبێت بۆ ناساندنی تەواوی بە خوێنەر.
لە چیرۆکی کوردیدا بە پێی شێوازی نووسەر ناوەکان دەگۆڕێت تا ڕادەیەکی کەمیش بە پێی قۆناغەکان، بەلاّم گۆڕانی بەرچاو، لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین دا ئاشکرا سەرنجڕاکێشە. شێوازی نوسەر دەتوانێت ڕۆلێکی باش لە

---

[9] والتر بنیامین، عروسك و کوتوله، ل 62

[10] احمد اخوت، دستور زبان داستان، ل161

بەکاربردنی ناودا ببینێت، ئەمەش پەیوەستە بە جۆری چیرۆك و ڕێبازەکەیەوە. ئەگەر چیرۆك و ڕۆمان مێژوویی بن، ئەوا پێویستە ناو وەك کەسایەتییەکان، هەڵگری چرکەساتی ڕوودانی ئەو بەسەرهاتە بێت و مۆرکی سەردەمی باسلێکراوی پێوە بێت. ڕۆمان و چیرۆکی واقعی ناوی واقعی و ڕیالیستییان پێویستە. لە ئەفسانە دا ناوەکان هەڵگری چەمکی کلتوری ئەو نەتەوەیەن کە ئەفسانەکەی تێدا خولقاوە.

بە شێوەیەکی گشتی هەوڵدەدرێت ناو لەگەڵ کەسایەتی دا یەکبگرێت و تەبایانە کەسێتی نیشانبدات. ئەگەرچی ناو لە دێرزەمانەوە لە چیرۆکدا چ وەك حیکایەت وئەفسانەو دواتر وەك چیرۆکی نوسراوی هونەری هەبووە. بەڵام وەك مەسەلەی شوناسی تاکێتی لێی نەڕوانراوە، چیرۆکنووسەکان مەیلیان نەبووە کاراکتەرەکان وەك بونەوەری تاك نیشانبدەن. ئەوان ناوی مێژوویی دێرینیان بەکاردەهێنا، بەهۆی ئەو ناوەوە لە کاراکتەر ڕادەبینرا، کاری ئەفسانە ئاسا و پاڵەوانانە ئەنجامبدات، لە کاتێکدا ڕووداو لە ژینگە و کەشی هاوچەرخدا بوو. ئەم جۆرە بەکارهێنانە تا پەیدابوونی ڕۆمان بەردەوامبوو، لەگەڵ گەشەکردنی ڕۆماندا ناونان بە شێوەیەکی چەسپاو گرنگی دا بە شوناسی تاك.[11] لە ڕۆماندا ناوی کاراکتەر بە شێوەیەکی باش دەبێتە نیشاندەری تاکێتی نەك هەمەکی کەسایەتی و بەهۆی وەرگرتنی لە ژیان و نمونەی بەرجەستەوە، زیاتر لەگەڵ کەسێتیدا یەکدەگرێتەوە. بەڵام بەم دواییانە ناونان لە چیرۆکیشدا گرنگی پێگەیی پەیداکرد. ناونان لە چیرۆکدا بە شێوەیەکی گشتی ڕێکەوت نییە، هەڵگری باری سۆزداری و کۆمەلایەتی و مەیلی فیکری نووسەرە.[12]

نوسەری چیرۆك و ڕۆمانی کوردی هەر لەسەرەتاوە تاڕادەیەك بەباشی لەگەڵ ناودا کاردەکات، توانیویەتی ناو بسازێنێ لەگەڵ کەسێتی و دواجار ڕوداو و زەمەن دا، ئەمەش هەم لە ڕێگای وەسفی کاراکتەرەوە دەبێت هەم بەهۆی بەرەوپێشچونی ڕووداوە چڕەکانی دەوری کەسایەتییەکانەوە. بەوپێیەی چیرۆکی کوردی مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە و ئەوەشی کە لەبەر دەستدایە کراوە بە چەند قۆناغێکەوە و بەلای نوسەران، عومەر مارف بەرزنجی[13] و حسێن عارف [14] و حسن جاف[15] لە قۆناغەکان دواون و سەرجەمیان هاوڕان لەسەر قۆناغەکانی چیرۆك و سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردی دەگەڕێننەوە بۆ سالآنی(25-39)، ئەگەرچی سابیر ڕەشید[16] قۆناغێکی دی بەر لەسەرهەڵدان باسدەکات(کە ئەمە زانستی ترە)و سەرجەم قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی دەکات بە(7) قۆناغەوە، بەڵام ئێمە بە دروستی دەزانیین لەسەر قۆناغی سەرهەڵدان هەڵوێستەیەك بکەین، چونکە ئەو قۆناغە چیرۆکەکانی دیارە و لەلایەن ڕەخنەگرانەوە کاری تەواو لەسەر کراوە و بەرچاوی زۆرینەی خوێنەران کەوتوە.

---

11 ئیان وات، و.محەمەد کەریم، تێۆری ڕۆمان ، ل 23

12 احمد اخوت، دستور زبان داستان ، ل 123

13 عومەر مەعروف بەرزنجی، لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی

14 حسێن عارف، چیرۆکی هونەری کوردی1925-1960

15 حەسەن جاف، چیرۆکی نوێی کوردی

16 سابیر ڕەشید، قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی

له قۆناغی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی چیرۆکی کوردیدا ناوی چوار چیرۆکنوس: ( جەمیل سائیب، ئەحمەد موختار جاف، محمد علی کوردی، پیرەمێرد)دێن، یەکەم چیرۆکی ئەم قۆناغە (لە خەوما)ی جەمیل سائیبە، یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە پرۆسەی گێڕانەوە لە ئامادەنەبوونی ناوی کەسێتیدا ئەنجامدەدرێت بەهۆی لێڵی زاکیرەوە یان بەدینەهێنانەوە، چونکە سەرتاسەری چیرۆکەکە بە زمانی خەونەوە دەگێڕدرێتەوە، خەونیش لەدوای دیتن و گێڕانەوەی ئەگەری بیرچونەوە و بەدینەهاتنی هەیە، ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە ئەم چیرۆکە بابەتێکی سیاسی و مێژووی دەوروژێنێت بەهۆی کارکردنی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەوە، هەموو جۆرە ناوهێنانێك دەبێتە هۆی کێشەدروستکرن، بۆیە تا توانرابێت خۆی لە ناوبردن بە دوور گرتوە، ئەمەش ئەو ترسەیە کە لەسەرەتای نوسینی واقیعیەوە لەگەڵ تاکی کورد دایە. رستەی دەستپێکی چیرۆکەکە کە خەونی وەگێڕە بەم جۆرەیە( شەوێك وا لەخەونم دا لە دونیادا گیرم خواردووە، ساحێب کولفەت و منداڵ، بێ پارە و پول..)[17]، پەسنی باری ژیان و گوزەرانی خۆی دەدات، چیرۆك لە زاری خۆییەوە دەگێڕێتەوە تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە باسی کەسایەتییەکان و وەسفی دەرەوەیان دەکات، بەڵام لە ناوبردندا بە(فلان، فلانی، فیسار) ناویان دەبات. ئەگەرچی ناو لەم چیرۆکە دا نەهاتوە، بەڵام بەهۆی وەسفەکانەوە (وەك بەشێك لە چوار بەشی شێوازی بەکارهێنانی ناو لە چیرۆکدا.دواتر بەدرێژی لەمە دەدەوێین) بەبێ ناوبردنیش تەواو هەست بە کەسێتی جەمیل سائیب و شێخی نەمر دەکرێ. لێرادا ناونەبردن نابێتە ئاستەنگ لەبەردەم(ڕیالیزم)بوونی بەرهەمەکە و نەناسینەوەیدا، چونکە کارەکەی مەبەست بووە، هەرچەندە عومەرمارف بەرزنجی کە پەسنی کارەکەی جەمیل دەدات، ئەم ناونەهێنانە بەلەنگی دەزانێ و دەڵێت(..هەرچەند خاڵێکی گرنگی بزرکردووە کە ناونانە بۆ کەسانی چیرۆکەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا دوو پاڵەوان بە ئاشکرا دەردەکەون، کە خەوبینەکە و شێخی نەمرە)[18]، بەڕای ئێمە ئەم بۆچونە تاڕادەیەك لاوازە دەربارەی ئەم چیرۆکە، چونکە نوسەر زانیویەتی ناونان سەرەتاییترین کارە لە بونیادنانی کەسێتی چیرۆکدا، و دەیتوانی لەگەڵ وەسفی کەسێتییەکاندا ناودابنێت، لەهەمان کاتدا ناوی خوازراو بەکاربهێنێت، بەڵام ویستویەتی جێدەستی پڕڕەنگ بێت وەك جەمیل سائیب، لە هەمان کاتدا( ویستویەتی لە ژێر پەردەوە، کەسانی چیرۆکەکەی بخاتەڕوو)[19].

لە بەشێکدا دەڵێت( دوای ئەوانە گوێمگرت، یەکێك هاتە پێشەوە، وتی قوربان فلانە کەس تۆپی، )[20]وەسف جێگای ناودەگرێتەوە، بەتایبەت بۆ کەسانی شارەزای ئەو سەردەمە، بۆ نمونە لە وەسفی شێخ مەحمود دا دەڵێت:(دوای سەیرمکرد، یەکێك لە دوورەوە، بەکەشوفشێکەوە دەدوانزە کەس بە شوێنیەوە...)، ئەم وەسفانە بە سانایی دەناسرێنەوە بە هۆی وەسفی واقعییەوە، ئەگەرچی جۆری زیادەڕەوییەکیشی تێدا بێت.

---

[17] جەمیل سائیب، لەخەوما، ل35

[18] عومەر مارف بەرزنجی، بیبلۆگرافیا، ل 23

[19] رەئوف حەسەن، ئەندێشە جوانەکانی ڕۆح، ل 59

[20] جەمیل سائیب، لەخەوما، ل 52

دووەم چیرۆکی ئەم قۆناغە(مەسەلەی ویژدان)ە، وەك چیرۆکێکی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە، هاوتا لەگەڵ وەسفی ناودا، ناوی پاڵەوان(زۆراب) دیارە و لەگەڵ ڕەوتی چیرۆکدا ئامادەیی بەردەوامی هەیە، تاکە ناوی تایبەتی ناو چیرۆکەکەیە. دەشێ ناوی زۆراب لە ڕوی پێویستییەوە دانرابێ، تاکو پاڵەوان بێناو نەمێنێتەوە، وەگەرنا پێناچێت ئەحمەد موختار لەڕووی هونەرییەوە ئەو ناوەی دانابێ، لە ڕاستیدا ئەم ناوە وەك رەئوف حەسەن دەڵێت: ( لە حسابە هونەرییەکەی تەوەللایە و بەمەبەستەوە دانەنراوە)[21]چونکە دواجار دەبوایە ناوێکی بۆ دانرایە، ئەو ناوەش ناوێکی گونجاو بوایە. بەڕای ئێمە زۆراب ناوێکە بۆ ئەو کەسایەتیە دەگونجێ و لەو واقیعەوە وەرگیراوە، ئەمەش بۆخۆی توانای نووسەرە لە تەباکردندا.

سێیەم چیرۆکی ئەم قۆناغە (دوانزە سوارەی مەریوان)ە[22]بابەتێکی فۆلکلۆرییە و وەك چیرۆکێکی مێژوویی نووسراوەتەوە. ناوی تایبەت لەم چیرۆکەدا بەتەواوی جێی خۆیی گرتووە، چونکە ڕوداوەکان هەبوون و ناوەکانیش وەك کەسێتی بەرجەستەی دیاری مێژوویی لە چیرۆکی سەرزاری دابوون تەنها خستویەتییە چوارچێوەی ئەدەبییەوە.

چوارەم چیرۆك(نازدار یان ژنی کورد لەلادێ)[23]یە، محەمەد کوردی لەگەڵ چیرۆکە تەواونەکراوەکەیدا، کۆمەڵێك ناوبە کاردێنێ (نازەنین، نازدار، دنیۆ، نەژاد..)، ناوەکان بەپێی ڕووداوەکانی باسەکە گونجاوە و هیچ ناخەنە سەرناساندنی کەسێتی یان گونجاندنی.

لە دوای ئەم قۆناغە و بەدرێژایی قۆناغەکانی دی لەگەڵ ڕەوتی سیاسی و کۆمەلایەتیدا چیرۆکەکان ناوەڕۆکی نوێ بەخۆیانەوە دەبینن و ئەکتەرەکان بەشێوەیەی گشتی لە واقعەوە دەخوازرێن تا نوێنەرایەتی چینەکانی کۆمەڵگا بکەن. لەسەرەتاکاندا چیرۆك مۆرکی ئامۆژگاری و ڕێنوێنی وەردەگرێ و کەسێتییەکان دەخرێنە ناو ڕوداوی کێشەدارەوە، بەهۆیەوە خراپی جۆرە ژیانێك دەخرێتە ڕوو کەمەبەستە، لێرەدا تاك وەك ناو و وەك کەسێتی هەڵقوڵاوی ژیانی کوردەوارییە بە هەموو خەسڵەتێکییەوە. لە قۆناغەکانی دواتردا کێشەی دەرەبەگایەتی و ئاغا باسدەکرێت و ناوەکان و کەسێتییەکان، پاشناو و پێشناوی (ئاغا، کوێخا، بەگ، میرزا، میر، شێخ) وەردەگرن. دواتر کێشەی هەژاری و بیری سۆسیالی ناوەرۆکی چیرۆکەکان دەگرێتەوە. ژیانی ناوشار و کەسێتییەکانی شار نیشاندەدرێت. ناوەکانی ئەم قۆناغە ناوی عارەبین لە ژێر کاریگەری زمانی کوردیدا شکێنراون و کورتکراونەتەوە تا لەگەڵ فۆنۆتاکتیکی زمانەکەدا بگونجێت (خەجە، سمە، مچە، قالە، حەمە، خولە..)دەبینرێ، زۆرجار ئەم ناوانە لەقەبدار یاخود تەك ناون، ئەم شێوازە لە حەفتا بە دواوە تا نەوەد شێوازی باوی بەکارهاتووە و شەقلێکی دیاری ئەو قۆناغانەیە، بەلاّم بەهۆی تەشەنەکردنی بیری کوردایەتی و هەستی ئازادی و مەسەلە نەتەواییەتیەکانەوە وەك چۆن لە ژیانی واقیعدا ناو گۆڕانی ڕیشەیی بەسەرداهات و ناوی کوردی زۆر بوون، ئاواش

[21] رەئوف حەسەن، ل59

[22] پیرەمێرد، دوانزە سوارەی مەریوان(داستانێکی مێژوویی کوردە)

[23] د. کوردستان موکریانی(ئامادەو )، ڕوناکی، یەکەمین گۆاری کوردی شاری هەولێر، ئاراس، هەولێر 2001

له چیرۆكدا ناوی( نەسرین، دارا، ڕزگار، ئازاد، هیوا، شۆڕش، خەندە..)هاتە ناو چیرۆكەوە. ئەگەر بە شێوازێكی ورد كار لەسەر ئەم ناونانی چیرۆكە بكرێت، ئەوا لە ڕێگای ناوناسی مێژووی چیرۆكەوە تاڕادەیەك دەتوانرێت پەی بە ڕەوەندی هزری كۆمەڵگا ببرێت و گۆڕانكارییەكانی نیشان بدرێت.[24]قۆناغی دوای ڕاپەڕین وگۆڕانەكانی ناو و كەسێتی زەقتر دیارە، جۆری بەكارهێنانیان جودایەو هەمە جۆرە.

زمانناسی ئەمریكی( جۆرج لیكاف) ناوی كەسێتی لە چیرۆكدا بە چوار جۆر پۆلێنكردوە:

1. ناوی تایبەتی
2. پەسنكردن
3. ناوی گشتی
4. جێناو

پراكتیكی كارەكەمان بەم میتۆدە دەبێت و هەوڵدەدەین جۆری چیرۆكەكان لەم ڕووەوە دیاری بكرێن، هەندێكجار ئەمانە لە چیرۆكێك یان ڕۆمانێكدا بەكار دێن و جاری واش هەیە یەكێكیان دەبێتە شێوازی دیاری چیرۆك نووسێك.

## ناوی تایبەتی:

گونجاوترین ناونانە لە چیرۆكدا وەك زادەی بیرو ئەندێشەی چیرۆكنووس دەردەكەوێت و بونیادی تەواونەكراوی كەسێتییەكەی پێ تەواودەكات، تا وەك هەبوویەكی(موجود) هەمە شتدار ڕووبەڕوی خوێنەری بكاتەوە. ئەم جۆرە ناوە دەبێتە هۆی چەسپاندنی وێنەی كەسێتی لە زەینی خوێنەردا. زۆربەی ڕۆمان و چیرۆكە جیهانییەكان هەڵگری ئەم تایبەتییەن و كەسێتی خاوەن ناوی تایبەت بە گوزەری زەمەن و كاڵبوونەوەی ڕوداوەكانیش ئەو ڕاوەستاوانە بوونی خۆی دەهێڵێتەوە و نایەڵێ فەرامۆشی زەفەری پێ ببات، (دۆنكیشۆت، زۆربا، حەمە دۆك ) نمونەی بەرچاوی ئەدەبی جیهانین.

لە چیرۆك و ڕۆمانی دوای ڕاپەڕیندا ناوی تایبەت بە گەلێ جۆر دەردەكەوێت، ئەزمونی نوسەران ڕێڕەوی خۆیانی پێگرتوون، لەلای هەندێكیان دەبێتە ستایلێكی چەسپاو و هەندێكی دیكەش فرە ئەزمونن و بەردەوام لە گۆڕینی بەكارهێنانی جۆراوجۆردان.

- تاك ناوی بێ مەبەست
- تاك ناوی مەبەستدار
- ناو و نازناو(لەقەب)
- ناوی مێژوویی (لە ڕێگای دەقئاوێزانكردنەوە).
- ناوی خەسڵەتداری لێكدراو

---

[24] احمد اخوات، ل164

## تاك ناوی بێ مەبەست

لەو ڕوانگەوەی ناو جیاکەرەوەی تاکە لەوی دی، لە شوناسێکی ڕوکەشدا، ئەوا دەکرێت ئەم شوناسە بەشێوەیەکی ڕێکەوت بەخشرابێ بە تاك(لە چیرۆکدا) ئەگەری مەبەست و خواستی نووسەریشی لە پشتەوە نەبێ، بەلاّم بەهۆی خوێندنەوەی قوڵەوە، پەی بە لەگۆترەدانانی ئەو ناوانە دەبەین کە تەنها پێویستی جیاکردنەوەی ناوی بەخشیوە بە کەسێتی نەك یەکانگیربوونی ناو و کەسێتی بونیادنراو، نمونەی ئەم جۆرە لە چیرۆکەکانی هەر دوو دەیەی دوای ڕاپەڕیندا دەردەکەوێ. ناو ئەستۆی خۆی لە هەموو ئەرکێکی بونیادی و مەبەستدار پاکدەکاتەوە و تەنها ئەرکی ساناي تێکەڵنەبوون دەخاتە سەرشانی خۆی لە چیرۆکی ( گەڕانەی خوشکەکان)[25]ی هەورامان وریا قانع دا دەبینرێت. لە نێوان کەسێتییەکانی چیرۆکەکەی دا تەنها یەك ناو بەدیدەکرێت، ناوەکانی دی گشتین (دواتر لە ناوی گشتی دا قسەی لەسەر دەکەین) ئەم ناوە کە ناوێکی تاکە و گوزارشت لە شوناسێکی ڕوکەشدەکات، تا ببێتە دەرخەری مەبەستێکی پەنهان یان گرێدراوی مەیلی نووسەر، بەڵکو تەنها وەك نمونەیەك لە خوشکەکانی دەیهێنێتەوە، بەهۆی ئەوەی کە قورسایی بەشێکی چیرۆکەکە لەسەر ژیانی ئەوە. کەسایەتیەکان، ڕاوی کە برایە، سێ خوشك و دایکێکە، کچەکان بەناوی گشتی ناودەبات، بەلاّم ئەم کچەی کە دەیەوێ قورسایی ڕوداوی بخاتەسەر ناوی(بوشرا)یە. تاکو جیای بکاتەوە و ئایدۆلۆژیای خۆی بەرامبەر بە ئایدۆلۆژیای دروستکراوی ئەو کەسێتییە بخاتەڕوو. نوسەر لە ڕێگای گێڕانەوە جیاوازەکانەوە لەسەر بەسەرهاتەکانی ئەم خوشکەی دەوەستێت و باس لە چونە ناو حیزب و سەردەمێك دەکات کە حیزبە ئیسلامییەکان لە برەودابوون، وە دەیەوێت بە زمانێکی ئەدەبی ڕەخنە لەو ئایدۆلۆژیایانە بگرێت، بۆ فەراهەمبوونی ئەمەش پەنا دەباتە بەر ئەو خوشکەی کە ناوی پێبەخشیوە.

تەك ناوی بێ مەبەست لەلای کاروانی کاکە سور، بە بەرفراوانی بەردیدە دەکەوێ. تاڕادەیەك وەك ستایلێکی دیاری نووسەر چەسپاوە. ناو لە باری ئاسایی دا کاردەکات، بەو پێیەی چیرۆکەکانی درێژن کاراکتەر ئەوەندە پێویستی بە ناوە تا لە ڕووداوەکاندا ون نەبێت (هەرچەندە دەسەلاّتی نووسەر نایەڵێت ون بێ). لە 8 چیرۆکەکەی (ئەسپیدیلۆن) دا ناوەکانی بریتیین لە( شیرین، مالینا، دادەسۆزرەت، ڤیان، تارا، شیلان، وریا...) کە زیاد لە 80 ناون وهەندێ لە ناوەکان سیمایی دووبارەییان پێوە دیارە وەك ناوەکانی(ڕێبوار، سازگار، جەهانگیر). ئەم ناوانە لەلای نوسەر بەجۆرێك دادەنرێت، کە کەس بەم ناوەوە خۆی گرنگە و لە ڕێگای شەپۆلی هۆشەوە، قوڵایی کەسێتییەکان نیشاندەدات. وەختێك ئەم میتۆدە دەگرێتەبەر، ئیدی پێویستی بە ناوی لەقەبدار و واتاداری فرەشت بێژنییە، چونکە دواجار بەهۆی بونیادنانی کەسێتییەکان و

[25] هەورامان وریا قانع، گەڕانەوەی خوشکەکان، ل39

تۆکمەبوونیانەوە، هاوتا ناسینی ناخ و هەست و نەستیانەوە، خوێنەر هەست بە لەنگی یان کاڵی ناو و ناولێنراو ناکات، بەڵکو لەگەڵ کەسێتی دا یەکدەگرێت. ئەوەی جێگەی سەرنجبێت و جیاواز دەربکەوێت لە نووسەرانی ئەم جۆرە ناوهێنانە، خاڵێکی ڕەچاوکراوە لەلایەن کاروانەوە، ئەویش خودی تاکە وەك خۆی نەك تاکی پەیوەستبووی ناو ڕوودا و کەس و کردەی دەرەکی. کەس بەهۆی دەرکەوتنی هەمە خەسڵەتییەوە و لە ڕێگای تەوژمی هۆشەوە، پێویستی بە وەسفی دەرەکی و وەستانی پشووئامێز نییە، چونکە ئەو کەسێتییە لەو ناوە بچوکەشدا و بە گۆڕینی ناوەکەی بۆ ناوێکی دی، هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانەیە، کە خوێنەر بۆی باسکراوە لە چیرۆکەکەدا، ئەمەش خودی مەبەستەکەی نووسەرە کە بەتەواوی دەگات، لە(سەدەی یەکەمی خەیاڵیش[26])دا هەمان شێوازی هەیە، جگە لە چەند ناوێك نەبێت کە لە پۆلێنەکانی دواتردا باسیدەکەین. لەم چیرۆکانەدا ناوی هەبوو بریتییە لە( فەرهاد، ڕۆشنا، ئاشنا، ویسام حیسام، فایزە..)، بەهەمان شێوە لەم چیرۆکانەشدا ناوهێنان سەرەڕاییە و ئەوەندە ڕۆدەچێتە قولایی وردی بیرکردنەوەیان، کە مەودا بۆیاریکردن بە ناو تەسکدەبێتەوە، و هەموو شوناسێکی دەرەکی و ڕواڵەتی بە فەرامۆشی دەبەخشێت و ناخ و سایکۆلۆجی دەبنە شوناس نەك ناو. هەندێ جار ئەم ناوانە لای کاکەسور خەسڵەتی دووبارەیی پێوەدیارە، بەتایبەت کە خوێنەر یادەوەری(منداڵیم ئاسکێك بوو، بەسەر پەلکەزێڕنەکاندا بازبازێنی دەکرد[27]) دەخوێنێتەوە، ئەوسا هەست بە تارمایی ئەو کەسانە دەکات لە چیرۆکەکاندا، چ بە ناو یان بە ناوی گۆڕاوەوەن وەك زولێخا و پەری و ئەسکەندەر قولی..[28]

لە چیرۆکی (لەوژوورەدا پیاوێك دەژی[29])ی فاروق هۆمەردا، کاراکتەری سەرەکی ناوی کالژۆیە. ناو جگە لەوەی تەك ناوی بێ مەبەستە، هاوتا لەنێو ناوی کوردیدا نامۆیە، ئەم ناوە گەیەنەری ئاماژەی تایبەتی نییە لەگەڵ ناوەکانی (مریەم و نوری) لە چیرۆکی (سەرگەردانییەکانی پیاوێك)دا، تەنها ناوی کالژۆیە لە دوو چیرۆکدا دوبارە دەبێتەوە، کە دەبێتە دەرخەری یەك کەسێتی لە ناو ڕوەتی ڕووداوی چیرۆکەکاندا. کالژۆ لە (کوڕی باڵندە، گوڵەکانی شەو)دا ناوێکی هەڵبەستراوی زەینی نووسەرە، فۆنەتیکێکی نائاشنایە و واتا ناگەیەنێ بە خوێنەری کورد. ئەم جۆرە بەکارهێنانە لە (دیوێکی دیکەی حیکایەتە نەنوسراوەکان)دا[30] شێوەی ناوی نائاسایی یان عیبری وەردەگرێت، ناوەکانی (نەوا و دارۆ) ناوی ئاسایی و ڕیالیستین، بەڵام (شەهموز و کراڵ) لەگەڵ ڕەتی ڕوداودا مۆرکێکی ئاینی و عیبرانی دەگرێت بە خۆییەوە. لە (تەنها ڕۆژێکی

[26] کاروان عومەر کاکە سور، سەدەی یەکەمی خەیاڵ

[27] کاروان عومەر کاکە سور، منداڵیم ئاسکێك بوو، بەسەر پەلکەزێڕنەکاندا بازبازێنی دەکرد

[28] ڕەنگە هۆکاری ئەم دووبارەییەی کاراکتەر تەنانەت ناوەکانیش بگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوازە تایبەتی نوسەر کە شەپۆلی هۆشە و ژیانە لە ناو یادەوەرییەکاندا، وە وەرگرتنی ئەو کەسێتیانە دانابڕێن لەیەك لە سەرجەم چیرۆکەکاندا بە کۆی هەموویان ڕوویەکی دیکەی نوسەرمان بۆ دەردەخەن.

[29] فاروق هۆمەر، سەرگەردانییەکانی پیاوێك، ل66

[30] یوسف عیزەدین، دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنوسراوەکان

سارد)[31]دا، ناو بریتیین لە (وەلی سلێوە، نەوا، ئیبراهام، نامۆ جەرجیس...) و لە (پێخەفێك لە خوێن)دا ناو ئەمانەن ( نەوا، ژینا، س، بالارینا، مارینا، فاتم، شوان کریم،...) جگە لە نـامۆیی بڕێـك لـە ناوەکـان بـە کلتوری کوردی، هاوتا دەبنە دەرخەری تێکەڵەیەکی فرەکەلتوری و ئاینیی، وادەکات ناو لەگەڵ کەشی چیرۆك و ڕۆماندا سازگاربێت و تەواو جێگەی خۆی بگرێت. لە هەرسـێ کـاری نـاوبراودا، نـاوی( نـەوا) وەك نـاوی کەسێتی کچ دووبارە دەبێتەوە، کە زاکیرەی پەیوەستبووی نوسەر بەو ناوەوە دەردەخات، بەشێوەیەك کە لەگەڵ هەر بیر و داڕشتنی دونیایەکی دیکەدا لە بەرهەمێکیدا، لەبەر ئەوەی هەڵگری تایبەتمەندییە لـەلای نووسـەر لە یادەوەرییەوە دەڕژێتەوە ناو چیرۆك و ئاوێتەی ڕووداوەکان دەبێت.

هیواقادر لە (ئاوێنە سەرابییەکان)[32]دا ناوەکانی چەمکی گشتی بە دەستەوەدەدەن و لە واقیعـدا چەسـپاون، لە ڕێگای ناوەکانی ( جەعفەر، مروەت، خاجیان، کەریم، شەمعون، سەرگۆن، کەمال، سـەرمەد..) کەسـێتی کوردمان نیشاندەدات. جگەلەوەی ناو لێرەدا دەبێتە جیاکەرەوەی ئایین، بەوپێیەی ناو بەجۆرێك لە جۆرەکـان لە کلتور و ئایین دابڕاو نییە، نوسەر هەوڵیداوە هیچ لادانێك لە واقع نەکات و وەك خۆی بـۆ کەسـێتییەکانی بیگوازێتەوە. چیرۆك و ڕۆمانی کوردی بەر لە ڕاپەڕین زۆربەیان لەم چەشنە بەکارهێنانەیان هەیـە و نـاو بـێ مەبەستە لە ڕوی پەیوەستێتی بە ناخی کەسەوە، بەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا تـاك نـاوی بـێ مەبەسـت بەرچـاو دەکەوێت، نووسەر مەبەستی پەنهانی هەیە و لە پشتیەوە گرنگی بە سایکۆلۆژیایان دەدات بە خواستنی ناوی واقعی سەردەمی ڕوودانی ئەو چیرۆکە، وەك لە ناوە کوردییەکانی کاروان کاکە سوردا دەبینرێت. ئەم ڕەوشـە لە (ئەژدیها)ی موکری[33]دا ئەو ڕەهەندە سایکۆلۆژییەوە وەردەگرێت. لەم ڕۆمانـە دا ناونـان بـە شـێوەیەکی گشتی تەك ناوییە، هەرچەندە لەو سۆنگەوەی کە ڕۆمانەکە لە چەشنی ڕیـالیزمی ئەفسانەییە، لـە واقعـەوە بەرەو ئەفسانە ڕۆدەچێ، دەشیا ناوەکان ناوی ئەفسانەی بوونایە، بـەڵام خـۆی لەمـە لاداوەو ونـاوی ئاسـایی واقیعی نیشانداوە وەکو(پەری و وەلی) کە دواتر پەری دەبێ بە زێڕین، ناوی هەمیشە بـەکارهاتووی واقعـین، هاوتا ناشتوانرێ لە هەموو مەبەستێ ڕامالڕێ، چونکە پـەری و وەلی لـە ڕووی سـیمانتیکیەوە بـۆ کەسـانی پاکیزە و ڕو ڕاست بەکاردەبرێن. هەردووکیان لەگـەڵ کەسـێتی دا تـەبان، ڕەنگـە ئەمـە ڕێکـەوت بـێ یـان مەبەستتدار، بەڵام سـەرجەم ناوەکـانی تـر تـەنها نـاون و نابنـە دەرخـەری کەسـایەتی و پێدەچـێ نووسـەر بەمەبەست ئەو ناوانەی وەها دانابێ، چونکە ئەمە لە پەسنی تاکەکانەوە دەردەکەوێت. مـوکری لـە وەسـفی دەرەکی کەسێتییەکاندا زۆر ناوەستێ و دەیانسپێرێ بە مەودای ڕوداو، لەوێدا کەسێتیان نمایشدەکات. ئەمـە ئەو شێوازەیە کە گەرەکییە کەسێتی خۆی، خۆی بناسێنێ لـە ڕێگـای گێڕانـەوە و بەسـەرهاتەکانەوە بـچێتە

31 یوسف عیزەدین، تەنها ڕۆژێکی سارد

32 هیواقادر، ئاوێنە سەرابییەکان

33 ئەگەرچی موکری نەوەی پێش ڕاپەڕینە، بەڵام پێویستی باس لەگەڵ کۆمەڵێك نوسەری تردا دەیهێنێتە ناو کارەکەمانەوە، وەك محمد رەشید فتاح، شێرزاد حسن، رەئوف بێگەرد، جەلیل کاکە وەیس

قولاَیی جەستەی تاکی کوردەوە و دەرونیان بخوێنێتەوە و باس لە دیوی ناوەوە و نهێنییەکانی تاکی کورد بکات.[34] بۆیە بایەخ بە ناو نادات و وەك وەسفێکی سادەی ڕوی دەرەوە بەکاری دەهێنێ نەك وەك جوانکارییەکی کەسێتی. لە ئەژدیهادا هەوڵی بەرجەستەکردنی تاك دراوە لە ئاستێکدا کە دواتر سەرجەم تاکە جوداکانی کۆمەڵ پێکدەهێنن، چەندە نوسەر هەوڵی لەگەڵ ئەم تاکانەدا دابێ، تا جودا نیشانیان بدات، ئەوەندەش مەبەستی بووە کە هەموویان بە جۆرێکی دی هاوشێوەنیشان بدات، وەك لە کەسێتی (کەریم، خدرە زلە، زۆراب..) یان لە (پور ئەسمەر، ئەمنەخان، مەعەزەز، دایکی ئەسەدوللاَ) دا دەردەکەوێ. ئەمانە هەموویان لە هەوڵی کردنەوەی گرێی دەرونی دان بە هۆی کرداری سێکسەوە. کاتێکیش ئەمە باسدەکات و غەریزەکان جودا لەلای ژن و پیاو نیشاندەدات، نایەوێت تاك جودا نیشانبدات، ئەمەش لە چەمکی ناوهێنانی ژنانەوەیە وەك( خاوەر، کیشوەر، ئەسمەر، زەینەب، شەمسە، لەنجە، ڕەعنا، توبا، مەستورە، ..)بەبێ هیچ پاشگر یان سیفەتی نمونەیی، ژنی کورد باس دەکات(هەڵبەت لە واقع دا نا بەڵکو لە دیدی نوسەرەوە) بەبێ جیاوازی و بەهۆی زۆری ناوهێنانەوە، گەرەکیە ڕێژە زۆری ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵدا بنوێنێت.بە واتایەکی دی ئەم ناوانە تەنهان و فرەن، بەجۆرێك لە ناوهێناندا ڕیزدەکرێن کە وەك بەشێکی فەرهەنگی ناو دەردەکەوێت، سەرجەمیان کەسێتی ژنی کورد نیشاندەدەن کە کۆمەڵێك خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە و وەك شوناسێك بۆتە هۆی گشتی کردنی هەموویان، لە لایەکی دیکەشەوە چونکە تاك ناوە جودای کردونەتەوە و شوناسێکی کەمی پێبەخشیون.
سەلاَح عومەر لە ڕۆمانی (دوا نامەی دێوەرەیەك)[35]دا، چەند ناوێك دێنێ کە جگەلەوەی تاك ناون، هاوتا ناتوانن هیچ شتێك لە کەسێتی خاوەن ناوەکان بە ئێمە ببەخشن، ناوەکانی (یوسفی برام، ڕێبوار، ئالان، نازەنینی کچی پورم، نەوزاد..) ناوی سادەن، سەلیقەی وردی پێوست نەبووە بۆ هەڵبژاردن، بەڵکو وەك ئەو ناوە سادانەیە کە زۆرێك لە نوسەرانی نەوەی هەشتاکان بەکاریان دەهێنان. ئەوەندەی بەسەرهات گرنگە نیو ئەوەندە کەس بە تایبەتمەندییەکانیەوە (ڕووکار و ناو و وەسف) گرنگ نییە.
فەرهاد پیربال لە (پەتاتەخۆرەکان) دا لە کۆی 15 چیرۆك لە 13 دانەیان دا ناو بە شێوەیەکی سادەی تاك ناو بەکاردەهێنێت. بە بێ جیاوازی لە قۆناغەکانی پێشوو ناوەکانی ( فەرەیدون، بەختیار، زەینەب، شەونم..) دێنێ کە ناوی کوردین و هیچ پەیوەندییەکی دەرەکی ناو نابەستێتەوە بە کەسێتییەوە.

## تاك ناوی مەبەستدار

ئەم جۆرە مانای ناو ئاماژەیە بۆ ناولێنراو، بە هێنانی یەکێکیان ئەوی دی ماناکەی تەواو دەگەیەنێت. نمونەی ئەمە لە دوو چیرۆکی فەرهادپیربال دا بەدیدەکرێت. لە (پەراوێزەکانی ئەوروپا[36]) دا ناو دەخرێتە

[34] نەورۆز جەمال، خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی ئەژدیها، هەنار، ژ 2، نۆڤەمبەری 2005
[35] سەلاَح عومەر، جەنگ، ل 295
[36] فەرهاد پیربال، پەتاتە خۆرەکان، ل 5

خزمەتی چیرۆکەوە، جگـە لـەوەی کەسـێتی پەناهەندەکـە لـە ڕێگـای کردارییـەوە دەیـسەلمێنێ کـە تـەواو ڕۆژهەلاتییە، هاوکات بە ناویش دەیچەسپێنێ (کوردۆ)، تاکو ئەم پەناهەندەیە نمونەی باشی تەواوی کەسێتی کوردبێ بە هەموو قەدەر و هەڵکەوتەکانیشیەوە.

لە چیرۆکی(شێر) [37]دا کەسێتی (شێرزاد) بەهۆی ڕوداوێکی هاوشێوەوە پەیوەستدەکاتەوە بە (شێر)ەوە لە دوو وێنە ڕوداوی چونیەکدا. وێنەی یەکەمیان کەسێتی شێرزادە کە وەك خۆی بـۆ کـچێکی بیـانی ڕووندەکاتـەوە (مانای دلێری و نەبەردی) دەگەیەنێت، بەلاّم هەنوکە لە هەندەرانـە وەك پەناهەندەیـەك، ئەمـەش بۆتـەهۆی ئەوەی هیچ دلێرییەکی پێوە دیار نەبێ. لێرادا بە مەبەست نـاو وەك دژە نـاولێنراو نیـشاندەدرێت لـە پێنـاو وێنەی دووەمدا کە شێرێکە و زەبونانە، هەلاّتوە و لە ماڵی ئەمانـدا پەناهەنـدەبووە و دایکـی داڵـدەی داوە. هاوتای ئەم ئەو شێرەش دژە سیفاتی خۆییەتی، بـەلاّم سـەرەنجام شـێرزاد و شـێر یەکدەگرنـەوە و وێنەیـەکی تەواوی هاوشێوە نیشاندەدەن. ئـەم چـیرۆکەی فـەرهادپیربالّ بـە دوورییـەکی دیـاریکراو، جـۆرە لێکـچونێك دروستدەکات لە چیرۆکی (مردن لەسەر شێوازی شیعر)ی کاروان کاکە سور دا. لەم چیرۆکە دا کەسێتی ئاشتی کە کەسێتییەکی لاوەکی هەیە، پەیوەست دەکرێتەوە بە ماناکەیـەوە کـە ئاشـتی و تەباییـە و وەك نـاوێکی واتایی سیمبولی مەتریالی کۆتری بۆ دانراوە بە پێی ڕێکەوتنی سەرجەم کلتورەکانی جیهان. کارکردنی نوسەر لە ڕێگای ناوی ئاشتیەوە دژ بە ئاقاری دیاریکراوەوەیە، لە سۆنگەی کرداری کەسێتی ئاشتییەوە، کە گۆڕینی مانای ئاشتییە بۆ هەمان دژە ماناکەی، بە تایبـەت کاتێـك کـە بۆسـە بـۆ کـۆتر دادەنـێ و دەیـانکوژێ و هەندێجار دەیانخوات. ناو بەمەبەست تەواو پێچەوانەی مانای خۆی دانراوە بەهۆی کردارێکـی سەرکەشـانەوە کە کوشتنی کۆترە.

محمد ڕەشید فەتاح وەك نوسەری نەوەی هەفتاکان، لە( هەڵۆکانی ژێر خاك[38]) دا، تەك ناوی مەبەسـتتدار بـە شێوەیەکی جودا لەم نەوەیە بەکار دەهێنێت، ناوانێك دەخوازێت کە پڕاوپڕ بەمەبەست دێنە ناو چـیرۆکەکەوە، لە ناوی ناو واقعەوە ناخوازرێن ( سەردەم، نەروێ، پورەمێژینە، کوردانـە، ڕاپـەڕین، بـەرگر...) بونیـادێکی قوڵی پێنەبەخشیون و تەواو کەسێتی پێ نمایش نەکردون، بەڵکو لەڕێگای ئەو ناوانەوە هەوڵی تەواوکردنی ئەو بەشە ناتەواوییەی داوە، ئەم جۆرە لە ڕاستیدا دروستکردنی کەسێتییە بە گیانێکی بێ ڕۆحـەوە، چـونکە بـە بونیاد و ناوەوە تەنها گەرەکییانە مەبەست بپێکن نەك کارکردی هونەریی نیشانبدەن. لە چیرۆکی (سەردەم و نەروێ) دا ئەگەر ناوی کاراکتەر جگە لە سەردەم ناوێکی دیکە بوایە، ئاڕاستەی تێگەشتنە لـە چـیرۆکەکەش دەگۆڕا بەلاّم بەهۆی ئەو ناوەوە چیرۆك دەتـوانێ ئاراسـتەی دیـاری کـراوی خـۆی وەربگرێـت و خوێنـەر لـە تازەگەری سەردەمی ئێستا حاڵی ببێ و گۆڕانی ئێستا دەرك بکات.

---

[37] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل 75

[38] محەمەد ڕەشید فەتاح، هەڵۆکانی ژێرخاك

## ناو و نازناو:

ئەم جۆرە وەك ناوەناتۆرە ڕەنگە بەهۆی سیفەتێکەوە لە دەرەوەی چیرۆکەوە ببەخشرێ بە تاك یاخود خۆی بۆ خۆیی هەڵبژێرێت، مەحمود زامدار دەربارەی ئەم جۆرە ناونانە دەڵێ:(( بۆ قسەپێکردن و تەوس و لاقرتێ گەمەو پێکەنین و ناو و ناتۆە بانگەشە و دەرزی ئاژنین، وەك سیفەتێك (نازناو وناوەناتۆرە) دەکەوێتە شوێن ناوی پیاو یان ژنەوە زۆرجاریش چاودێری ئیقاع لە هەڵبژاردنی ناوەناتۆرەدا دەکرێن[39])) بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە ناوە، لە دەرەوە دەخوازرێت و وەك گێڕانەوەیەکی ڕیالیستی لە چیرۆکدا دەنوێنرێت. هەندێجاریش نوسەر بەهۆی کەسێتییە جۆراوجۆرەکانییەوە دەیبەخشێتە کەسێکی دیاریکراو.

لە چیرۆکی(فرمێسکی شارێك)ی ئارام کاکەی فەلاح دا، دوو ناوی دیار هەڵگری نازناون، لەسەرەتادا (دلێری جنۆکە) باسدەکرێت و ناوەکەی کەمێك نامۆ دێتە بەگوێ، بەلاّم نوسەر لە ڕێگای وەسفەوە هەوڵدەدات ئەو نازناوە ڕونبکاتەوە و لەگەڵ مەبەستەکەی دا یەکیان بخاتەوە وەك لە پەسنی دا دەبینرێت(( ئەو کوڕە بالاّ کورت و پشت کۆماوەی کە دەیانوت جنۆکەکان، چاوی خۆیان پێ بەخشیوە، بۆیە هەموو شتێ دەبینێ[40])) لە ڕاستی دا ئەمە هەقیقەتی کەسێتییەکە نییە بەڵکو بۆچونی ئەوانەیە کە ئەو ناوەیان پێ بەخشیوە. بەخشینی نازناویش هێندەی پەیوەستە بە چیرۆکی هەڵبەستراوەوە ئەوەندە هەقیقەتی هەبوو نییە. ئەو وەسفەی سەرەوە دوای ڕاست دەکرێتەوە و دەوترێت(( بەلاّم دلێر نە جنۆکە بوو نە سیحرباز، بەڵکو توانایەکی سەیری هەبوو، لە بینینی ژیان، لە چاو دا[41])). ناودەبێتە دەرخەری برێك لە سیفاتی کەس و نوسەریش کۆمەکدەکات بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستە. ناوی دووەم عەبە خەوخۆشە کە دواتر دەزانرێت ناوی دلێرە( نازانین بەمەبەست دانراوە یان بەسەر نووسەردا تێپەڕیوە). دلێری عەبە خەوخۆش بەهۆی وەسفی کردارییەوە دەزانرێ کە ڕاڤەی هەموو خەونێکی لەلایە، هەر بۆیە ئەو ناوەشی پێ بەخشیوە. لەڕاستی دا نازناو ناتەبایە لەگەڵ ئەو پەسنەی نوسەردا، چونکە خەوخۆش بۆ کەسێك بەکاردێت کە زوو خەوی لێبکەوێت نەك خەون ڕاڤە بکات. ئەم هەڵەیە بە جۆرێکی دی لە چیرۆکی (پایزی پیاوە ماندووەکە)ی ئاکۆ کەریم دا دەبینرێ، ئاکۆ ناوی کەسێتییەك بە (پیاوە ماندووەکە) دەهێنێ، ئەگەرچی پیاوەکە ناوێکی گشتییە بەلاّم بەهۆی سیفەت پێبەخشینی ماندووییەوە بۆتە ناوێکی ناسراو. بەهۆی ئەو سیفەتەوە دەیەوێ وێنەی پیاوێکی ماندوومان نیشانبدات، بەلاّم ئەمە تەنها لە چوارچێوەی ناودا دەمێنێتەوە و هەڵسوکەوت یان وەسف نابێتە نیشاندەری ماندویی ئەو پیاوە. کاتێکیش دەمرێت ئەو هەڵگری ئەو ناوە بووە کە چرکەساتی گێڕانەوە بە ئێمەی ڕادەگەیەنێت. بەلاّم ئێمە نازانین بۆ ماندووە. ناشکرێت ماندویەتیەکەی بگەڕێنینەوە بۆ ساتی هاتنەوەی.

---

[39] مەحمود زامدار، ناو و ناوەناتۆرە، ل 35

[40] ئارام کاکەی فەلاح، ساباتی چیرۆك، وێستگەکانی ئایندە(1) ل 241

[41] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل 244

له چیرۆکی (دیداری منالّەکانی ئاشوب[42])ی هەورامان وریا قانع دا ناوی (سامانه سێ گوێچکه) وەك ناوێکی لەقەبدار نابێته نیشاندەری هیچ ئاماژه و سیفاتێك، بەلاّم کۆمەلّێك ناوی دی دێنێ، که شەرانگێزی و گوستاغی کردەوەیا بۆته هۆی ئەو لەقەبانه. ئەگەرچی هۆکاری ئەو ناونانه، پەیوەستی کەسێتی و ناویان نابینرێ، بەلاّم له ڕوی سایکۆلۆجی و کرداری نێو جەنگێکەوه خەسلّەتی ئەم کەسێتییانه و تاڕادەیەك ناوه ناتۆرەکانیان دەردەکەوێ، سمه برۆخوار وەك کەسێتییەك ناوترێ که برۆی خوار بووه، بەلّکو بەهۆی ئەوەی که ئارەزووی ئەوه بوه برۆی بریندارەکان لێبکاتەوه، دەردەکەوێ که سیفاتێکی دیاری ڕوخساری ئەم کەسێتیەیه، بۆیه وەك هەست به کەمی کردنێك دەیەوێ ئەوانی دیکەش وەك خۆی لەکەداربکات. به هەمان چەشن مەتۆ قۆپچەدز و کوڕەکەی ڕەبێ یان خله کچانی، هەمان سیفاتیان هەیه. ئەمه جگه له (پەیمان) که بەهۆی ئەوەی ناوی کچانەی هەیه، له تاوا پێناسی کوژراوەکان دەردەهێنێت و له ناویان دەبات وەك کردەیەك که باری دەرونی ئەم دەسەلمێنێت. هاوتای ئەم شێوازه به جۆرێکی دی له چیرۆکی (ئەسپیدیلۆن)[43] له کەسێتی (هیڤار) دا دەبینرێ که  به دادە هیڤار بانگی دەکەن.

هەورامان بەهۆی ئەو ناوەناتۆرانەوه کەسگەلێك نیشاندەدات که ئاسایی نین و خاوەن ماجەرا و ڕوداون، ڕوداوەکانیش شایسته و جێی شانازی نین، بەلّکو بەربادی و گوستاغی کەسێتییەکانه که یەکگیره لەگەلّ کەسێتییەکاندا. جیاواز لەم چیرۆکنووسانه کاروان کاکەسور، کاتێك ناوی لەقەبدار دەهێنێتەوه جگه لەوەی فۆنەتیکییەکی ڕیتمداری پێدەبەخشێت، جۆره گالّتەکردنێکی پەنهانیش دەردەکەوێ له چیرۆکی (ئەسپیدیلۆن)دا پالّەوان کاتێك له بیرکردنەوەی خۆیدایه، ناوی کۆمەلّێك شاعیر ونوسەر دەهێنێتەوه (قارەمانی قاله قالی، ئامانجی ئامه ئامان، حەسۆی حەسەن حەسحەس، جاسمی جابر جامباز، ڕەشادی ڕەشید ڕەشاد) ئەمانه به سانایی لەلای پالّەوانەوه ناودەبرێن و کۆتای دێ، بەلاّم لەلای نوسەر دەرخستنی چەمکی شاعیر و نوسەره له ناو کورددا، که بەهۆی ئەو نازناوانەوه خۆیان دەناسێنن، له (سەدەی یەکەمی خەیالّ)دا وێنەیەکی گالّتەجاڕی دەبەخشێته نازناوی شاعیران ( کەرخی کورەچی، مستەفای کارەباچی) وەك نازناوی سادەی واقعی دێنێتەوه، بەلاّم بۆ شاعیر و نوسەر هەردوو ناوی (جەلال هەلّپڕوکاو، کەمال هەلّڕوشاو) دەهێنێ که جگه لەوەی وێنەیەکی پێکەنینی لێ سازداوه، هاوتا ڕەخنەیەکی توندیشه بۆ ئەو نازناوانەی نوسەران.

جیاواز لەم بەکارهێنانه له چیرۆکی( شەوێکی کوژراو)ی عەلی پێنجوێنی دا، ناوی کەسێتییەك به (پوره کۆترێ)دەبات، ئەم ناوه لەسەرەتادا دەزانرێ که نازناوه و خواستراوه، چونکه تاڕادەیەك له واقیعدا وەك ناو به خوێنەری کورد نائاشنایه، بەلاّم کاتێك دەبێت ئەم ناوه دەیەوێت لەگەلّ کەسێتی دا یەکبگرێتەوه و لەبەردەم خوێنەردا ئاشکرا ببێ، ئەوا ناو لاواز دەردەکەوێت، ئەوسا نوسەر دێت و ڕونکردنەوەی ناو دەدات و بەهۆی وەسفیەوه نازناو و ناولێنراو بەیەکەوه گرێدەداتەوه.(عەیامێك کچه شۆخێکی جوان و لوتبەرز بووم، ئەو ڕۆژگارەی

[42] هەورامان وریا قانع، دیداری منالّەکانی ئاشوب، گەلاوێژی نوێ

[43] کاروان عومەر کاکه سور، ئەسپیدیلۆن، ل87

له جوانیدا ناویان نابووم کۆتریَ)[44] . ئەم گوتەیــە کاتێــك کاراکتــەر دەیلێــت کــە پیربــووە، لــەوێوە نوســەر ئــەو پەیوەندییە دەردەخات، هەرچەندە بەشێوەیەکی گشتی ناو نەیتوانیوە مەبەستی خۆی لە ڕوداودا بپێکــیَ، چــونکە ئەو گێڕانەوەیە نەبوایە نەناو مەبەستی دەگەیاند، نــە ڕوداویــش دەیتــوانی چــەمێکێك لەســەر ئــەو نــاوە بــدات بەدەستەوە.

## ناوی مێژوویی لە ڕێگای دەقئاوێزانکردنەوە:

ئەم جۆرە ناونانە، مێژوویەکی دێرینی هەیە لە چیرۆك و بەرهەمە ئەدەبییەکانی بەر لە ژانری ڕۆمان لە ڕۆژئاوا دا( نوسەران ڕەواجییان بەوە دەدا، لەسەر بنچینەی میتۆدی باو لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا و لەسەدەمی ڕێنیــسانس دا، ناوی مێژوویی یان ناوی نمونەیی بۆ کاراکتەرەکانیان هەڵبــژێرن ئەمــە شــێوازێکی بــاوبوو لادان لــەم شــێوازە نارەسەنی ئەو جۆرە نوسینەی دەردەخست، بەڵام ئەوەی دەبووە لەنگی لەم جۆرە بەکارهێنانەدا ئەوە بــو کــەکاری دەکردە سەر ئەوەی کە چاوەڕوانی شتی گەورە و لە خۆبوردوویی لە کاراکتەرەکان بکرێت، کــە ژیــانی هاوچــەرخ نەبوو بەڵکو لە ئەدەبیاتی ڕابردووەوە دەخوازرا)[45]بەڵام بەهۆی درەنــگ پەیــدابوونی چــیرۆکی هونــەری و ژانــری ڕۆمان لە ئەدەبیاتی کوردیدا، بەو شێوازە نیە بەڵکو هەندێجار شکاندنی وێنەی ئەو پاڵەوانانەیــە کــە چــاوەڕوانی شکاندنی شتی گەورەی لێکراوە. نەوەی دوای ڕاپەڕین بە تایبەت نەوەدەکان، نەوەیەکن بە قوڵی کارییــان لەســەر ئەم ڕەهەندە کردوە، ستایلی کارکردنی دەستەیەك لە چیرۆکنوسان بەرەو فەنتازیا و خەیاڵ دەچیَ و لە دوای گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانەوە نوسین دەبیَ بە خودی و گەڕان بە دوای بەهای لە دەستچوی ئەفــسانە و حیکایەتــە دێرینە فەرامۆشکراوەکان. ئیدی چیرۆکەکانی ئەم دەستەیە خۆی دەپارێزێت لە ئایدۆلۆژیا و حیزب و دەسەڵات، لە مەودای خەیاڵی فراوانیاندا بە دوای جادوگەرێك دا دەگەڕێن حیکمەتەکانی قەدیمیان بۆ باسکات و بە ناو زەمەندا سەفەرییان پیَ بکات و وێنەی شوێن بشکێنیَ( وەك شکاندنی وێنەی سلێمانی لەلای عەتامحمد و یوسف عیزەدین و نەجات نوری هەیە) تەلیسم و سندوق و بەیازی تەپوتۆزاوی و مۆرانە لێــدراو، دەبنــە بابــەتێك کــە ڕووداو لــە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە، کەسێتی بە دوای خۆیاندا وێڵدەکەن. گۆڕستان و سەرگەردان بوون و ســەفەر و ونبــوون لە بیاباندا دێتە چیرۆکەکەوە و وەگێڕ بە ئەفسونەوە باسیدەکات، نهێنییەکان لە سندوق دا پــارێزراون و دەســنوس قورسایی مێژوو هەڵدەگرێت، وەك یوسف عیزەدین لە (تەنها ڕۆژێکی ســارد)دا و عــەتا محەمــەد لــە زۆرینــەی کارەکانی دا. ئەم جۆرە فەزایە پێویستی بە کەسانی شیاوە تا لەگەڵ ڕەوتی ڕوداو دا بڕۆن، (کەسێتیەکان زۆر جار بیَ ناون) ئەوانەی ناودارن، هەڵگری ناوی نهێنی ئامێزی مێژووین.

---

[44] عەلی پێنجوێنی، حەرامترین، ل 10

[45] ئیان وات، و.محەمەد کەریم، تیۆری ڕۆمان، ل24

عەتامحەمەد لە کۆی کارەکانیدا ناونانی دەچێتە ئەم پۆلێنەوە و چڕەبیرکردنەوەی خۆی لە ڕێگای هێنـراوە وێنـەی گۆڕاوەوە نیشاندەدات، کە کەسێتی ئەفسانەیی و مێژوویین و بە هۆی ناویانەوە دەناسرێنەوە، چونکە دواجار ئـەو کەسێتیە وێنەیەکی دیکەی کەسێتییە ڕەسەنەکەیە ئەگەر خاوەنی هەمان نـاو نـەبێ، ڕەنگـە مەبەسـتی تـەواوی نوسەر نەگەیەنێ. نوسەر لـە چـیرۆکی (حـەلاجێکی تـر لـە زاری یـەکێکی تـرەوە)[46] لـە ژێـر نـاوی حـەلاج دا کەسێتییەك باسدەکات، کە کەسایەتییە عیرفانییە هەبووەکەیە، بەلاّم بە گێڕانەوەیەکی دی کە ئەندێشەی نووسەر خولقاندویەتی. لەسەرەتادا بە فێڵی گێڕانەوەی تەریبی ئاسایی هەست بە حـەلاجی مێـژوویی حـەقیقی دەکـەین، بەلاّم لەگەڵ ڕەوتی کورتی چیرۆکدا کاتێك دەزانین وێنەیەکی دیکەی حەلاجمان لە پێش چاودایە و کۆی چـیرۆکەکە کەسایەتیەك نیشاندەدات، درز دەباتە ئەو یەقینەی کە بەرامبەر بە وێنەی کەسێتییە ئەسڵەکەی حەلاج هەمانـە، چونکە باس لە کردارەکانی حەلاج دەکات، گوایە هەموو گوناهێك دەکات تا سەرزەوی سـەرڕێژی تـاوان بکـات، تاوەکو خودا زوو مەهدی بنێرێت و هەموان ڕزگارییان ببێ(لەم بەلاّ بە ئازارە کـە ژیانـە). قـسەکانی حـەلاج لـە زاری جـەلادی بکـوژی حەلاجـەوە دەگێڕێتـەوە کـە وتویـەتی: ((ئـەو سـالاّنە تەمـەنم پڕکـرد لـە سەرکەشـی و بەدمەستی..تا هەموو گوناهەکانم چەشت بێ ئەوە کەس لە نهێنی ئەم گوناهبـارە بزانێـت جگـە لـە تـۆ))، لـە گێڕانەوەکاندا هەموو جۆرە گوناه وتاوانێك باسدەکات. نوسەر هـەنگاوێك هەڵـدێنێت بـۆ شـکاندنی ئـەو وێنـە چەسپاوە، هاوتا بەهۆی گومان و ئەندێشە و ئەگەرەوە وێنەیەکی دی دروسـتدەکات. نوسـەر نوسـینەوەی مێـژوو تۆمارناکات بەڵکو گومان دروستدەکات لەسەر کەسێتییەك کە پێدەچێ مێژوو بە هەڵە بەسەرهاتەکەی گەیاندبێ. هەمان کەسێتی لە (تارژەنی ڕەنگ)دا بە گێڕانەوەی حیکایەتێك دەهێنێتەوە. کەسـێتی حـەلاج نـەگۆڕاوە تـەنها بەشە ڕوداوێکی بۆ زیادکراوە تاکو سیحری مردنـی فـەرامۆش نـەکرێت. نوسـەر حـەلاج بـە فرەوێنـە دادەنـێ و کوشتنەکەشی بە کوشتنی یەك وێنە ناوزەددەکات، بۆ سەلماندنی ئەمەش چیرۆکی گەڕانەوەی حەلاج باسدەکات بۆ بەردەم ماڵی خۆشەویستەکەی. گەڕانەوەکەی دوای لەت لـەت بـوونی حەلاجـە کـە دەمەوئێوارەیـەك بـە لەشـی خوێناوییەوە بە کۆلاّنەکانی بەغدا دا دەڕووات و هەموانیش چاوی دەکەن و سەرسامدەبن بە هاتنەوەی. ئەگەرچی خۆشەویستەکەشی سەرسام دەبێت، بەلاّم حەلاج دەڵێت:( ئەوان وێنەیەکی منیان کوشت، بـەلاّم نەیانـدەزانی کـە منی ڕاستەقینە دەمێکە لە تۆدام و تۆ دەتوانی لە خۆت دا وەك ئاوازێك، یاخود وێنەیـەکی پەرشـو بـلاّو، پەلـە پڕاوەکانم کۆبکەیتەوە و زیندوم بکەیتەوە)[47].

بە هەمان شێوە ناوی مێژوویی مەحوی و مەولانا خالیـد دەهێنێتـەوە. لـە گێلاسـی خـوێن[48] دا کەسـایەتیەك باسدەکات کە سەردەستەی کۆمەڵێك چەتەیە و لـە بیابانێکـدا ڕێگـا بـە کاروانێـك دەگـرن، ئـەم سەردەسـتەیە بە(پیاوێکی دڵڕەق و بێ بەزەیی ناسراوە)بەر لە ڕوتکردنەوەی کاروانکە کاتێك چاوی بە کـچێکی نـاو کاروانەکـە

---

[46] عەتا محەمەد، زارەکانی خەون ، ل 21

[47] تارژەنی ڕەنگ، ل

[48] عەتامحەمەد، گێلاسی خوێن، ل 70

دەكەوێت، مەفتونی جوانییەكەی دەبێت و واز لە هەموو شت دەهێنێ و بە درێژایی ئەو ڕۆژە بێ جوڵە لە حیکمەت جوانی ئەو كچە ڕادەمێنێت، تا دەمەو ئێوارە شنەبایەك هەڵدەكات، پیاوە دەیەوێت قسەیەك بكات، بەڵام دەستەوەستانە و تەنها بەیتێك شیعر دەڵێت، پاشان بە سواری ئەسپەكەی ڕو لە بیابان دەكات. وێنەكێشانی ئەم كەسێتییە كە پیاوی ناو حیكایەتەكانە تا ئێرای ناو ڕوداوی چیرۆكەكە نادیارە و بەسەرهاتێكی چێژدارە، بەڵام كاتێك شاعیرەكە لە خۆڵەمێشی چەتەكەوە دێتە بوون و ناوبانگی شارەو شار دەڕوات، ئەوسا دەڵێت نازناوی (مەحوی) بۆ خۆی دادەنێ. لێرادا خوێنەر توشی ڕاچەنینێكی یەكسەری دەبێت و درز دەكەوێتە تێڕوانینە نەگۆڕەكەی بەرامبەر بە كەسێتی مەحوی، چونكە بەهۆی ئەو ناوەوە كەسێتییەكی دی نیشاندەدات كە كەسێتی مەحوییە لە دیدێكی ترەوە. هاوتا لە ڕێگای ڕوداو و ئاوێتەكردنی بەشێكی حەقیقی ژیانی مەحوییەوە دەتوانێ ناو لەگەڵ ناولێنراو دا، بە وێنەی دووەم كە خۆی خولقاندویەتی بسازێنێ.

هەندێ جار چیرۆكنوس هەمان وێنە دادەنێتەوە بەڵام فەلسەفەی عیرفانی پێدەگێڕێتەوە و وێنە ڕەسەنەكەی مەحوی لە ماجەرایەكی كورتبڕی قوڵی مەبەست پێكدا نیشاندەدات. لە حیكایەتی(گۆزەیەك لە ئاو)[49]دا دانیشتنێكی مەحوی و فەقێكان باسدەكات بەهۆی ڕەفتار و گوفتاری حیكمەتئامێزی مەحوییەوە، گەورەیی مەحوی دەردەخات لە حیكایەتێكی ئەگەری دا. لێرا دا ناوی مەحوی لەگەڵ كەسایەتیە ڕەسەنەكەی دا پڕاوپڕە بگرە زیادە نیشاندانیشە.

لە ڕۆمانی (ئافاتەكانی بنەماڵەی مێخەك)دا جگەلەوەی ناوی سلێمانی دەهێنێتەوە و گوزارشتەكانی بابان و شاری سلێمانی پێ باسدەكات، كەسایەتی مەولانا وەك كاروانچییەك باسدەكات لە زەمەن دا، كەسایەتی مەولانا هەڵگری ئەو ناوەیە لەم چیرۆكە دا تەبایە، تەنها ڕووداو گۆڕانی بەسەردادێت. مەولانا كە چیرۆكی خۆی دەگێڕێتەوە باسی باپیری و ژیانی خۆی دەكات، هۆكاری ونبوونی دەگێڕێتەوە بۆ شام چونی، تاكو لای حەكیمێكی پیر دەرمان بۆ باپیری پەیدابكات (كە لەدەرەوەی شوێنكاتەوە و دەژی و دەبێ بە تەلیسم بگاتە لای) بەڵام كاتێك دەگەنە لای دەڵێ باپیرتان وای لە چارە نوسراوە هیچ دەرمانێك فریای ناكەوێ، هەر بۆیە لەشام دا دەمێنێتەوە و چاوەڕوانی هاتنی سلێمان دەكات[50].

لە (تیناوچیرۆكە ئەندێشەكراوەكان) [51]دا وێنەی مەولانا گەردانەدەكا و لەگەڵ كەسێتییە ڕەسەنەكەیدا ونی ناو وێنەو ئاوێنەكانی دەكات. كاتێكیش ناوی مەولانا دەبات، دەڵێ مەبەستم مەولانا خالیدی نەقشبەندی سەردەمی بابانەكان نییە. لێرەدا ڕامان دەگرێ لەبەردەم فرەوێنەی گریمانەكراوی مەولانا دا ئەوەی كە ئەم باسی دەكات، نازانێ چەندەم دانەی گریمانەكراوی ئەسڵیەكەیە، بەڵام هێندە هەیە كاتێك لە هندستانەوە دەگرێتەوە ناتوانێ سلێمانی بدۆزێتەوە، و بۆ هەتاهەتایە لێی ون دەبێ و هیچ هۆكارێكیش ناتوانێ ڕێنمایی كەری بێت. لێرا

[49] عەتا محەمەد، تارژەنی ڕەنگ، ل

[50] عەتامحەمەد، ئافاتەكانی بنەماڵەی مێخەك ، ل 70

[51] عەتامحەمەد، تیناوچیرۆكەئەندێشەكراوەكان، ل 87

ناو هاوتایه لەگەڵ کەسێتی مەولانادا، بەڵام فرەوێنەیی پێبەخشراوە. وەك چۆن ئەم فرەوێنەییەی لە کەسێتی سەلمانی فارسی دا دەردەکەوێ لەلای یوسف عیزەدین. بەڵام ناوی مەولانا لەلای (جەلیل کاکە وەیس)کە نەوەی حەفتاکانە، ناوێکی فریودەرە لە(سیمای وەچەکانی مەولانا)دا[52]چونکە هەموو ناوهێنانەوەیەکی مەولانا دەسبەجێ دەمانباتەوە بۆ لای مەولاناخالیدی نەقشبەندی، لە پلەیەکی دوورتریشدا مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی، بەڵام هاوردنی ئەم مەولانایە جودایە و نوسەر تەنها بۆ سەرلێشواندنی خوێنەر داینارە، چونکە حیکایەتەکە هی ناوانێکە هەڵگری خەسڵەتی یەك جۆر کەسێتین و ئەویش خراپەکارە و ناوی قابیل و تەیمور وەردەگرێ لە سەردەمە جوداکاندا. ئەگەرچی مەولانا وەك ناوی واتادار، بۆ سەروەر و گەورە بەکاردێ، بەڵام ئیدی مەودای بەکارهێنانی لە ناو کورد و فارس دا تەسکبۆتەوە بۆ ناوی کەسێتی مەولاناخالید لە کورددا و ڕۆمی لە فارسدا، لەم چیرۆکەدا ناکرێت چ بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆش هیچ پەیوەندییەکی لێکچون لە نێوان تەیمور و مەولانا خالید دا هەست پێبکرێ، تا پاساوێك بێت بۆ ئەو جۆرە ناونانە.

لە (ماجەراکانی سەلمانی فارسی)[53]دا وەك ڕۆمانێکی سەربە ڕیالیزمی جادویی، لەگەڵ هێنانی ناوەکانی (ساتیا سیامەنسوری، سیاوڵە شاروخی، سەیفەدینی چوچانی، جەبەروتی سەحاف..)دا کە دوو ناوی کۆتای کەسێتی ڕاگەزەر و لاوەکین، ناوی سەرەکی سەلمانی فارسی دێ، کە پانتای ڕۆمان بە ڕووداوەوە دەگرێتەوە.

لە ناوناندا نوسەر زۆربەی کارەکانیدا ڕەچاوی فۆنەتیکی دەکات و پیتی(س) وەك پیتێکی دوبارەبوەوە لە ناوەکاندا سازاندنی تیادەبینرێ لەگەڵ کارەکانی دیکەیشی دا. ئەم ناوانە وەك پرۆسەی ناوی جادووی نییە کە لای بەختیار عەلی دەبینرێ، بەڵکو دوو ناوی بەکاردەهێنێ بۆ ناساندنی تەواوی کەسێتی و دوور ڕاگرتنی لە فەرامۆشی یەکسەری کە تەواو نیشاندەری ناخ و ڕوکارییان نییە. بەڵام هاوتا لە ڕێگای ئەم ناوانەوە پێت دەڵێت کە لەبەردەم کەسی سانادا نەوەستاوی و تۆ خەریکی دیتنی کەسگەلێکی کە هەڵگری تایبەتمەندی خۆیانن و سەرەنجام خۆیان دەنوێنن کە دروستکراوی زەینی کێن.

لەم ڕۆمانەدا لە ڕێگای ناوێکی خوازراوی مێژووی ئایینیەوە(سەلمانی فارسی) کۆمەڵێك کەسێتی بونیاد دەنێت، بەهۆی ژمارە بەخشین بە ناوەکانەوە جیاوازییەکان و وێنە پەرتبووەکان باسدەکات. سەلمانی فارسی بە زنجیرە سەلمانێك دێنێت کە ناو تێیدا دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ناسینەوەی شوناسی تەواوی ئەو کەسیتییانە دا، چونکە دواجار بەلای زۆرینەوە یەك سەلمان بوونی هەیە، هەرچییەکیش بەو ناوەوە باسبکرێت، ئەوا دەدرێتە پاڵ یەك سەلمانی وێنەداری زەینی ئێمە کە ڕایەڵی گێڕانەوە دەیبەستێتەوە بە مێژووەوە. یوسف عیزەدین لە ڕێگای سەلمانی ناسراوەوە چەندین سەلمانی گەردانکراوی دیکە دەخولقێنێ و بە زەمەندا پەخشییان دەکات و شوێنیان دەگۆڕێ. ئەگەرچی ئەم سەلمانانە دواجار یاخی نابن لە یەکە وێنەی سەلمانە ڕەسەنەکە( هەرچەندە لەلای خودی نوسەر گۆڕاوە) بەهەموویان یەك ماجەرا و ڕوداو دروستدەکەن وەك لە ناونیشانەکەیشیەوە دیارە(ماجەراکانی

---

52 جەلیل کاکە وەیس، وەچەکانی مەولانا، ل 92

53 یوسف عیزەدین، ماجەراکانی سەلمانی فارسی

سەلمانی فارسی) نەك (ماجەرای سەلمانەکان)، ماجەرا کراوە بـە کـۆ و سـەلمان هـەمان سـەلمانە، ڕوداو وادەکـات وێنەکان بگۆڕدرێن.

بەلاّم بەهۆی ناوەوەکەوە بەردەوام دەناسرێنەوە، ئەگەرچی ناساندنەکەش دەخاتە ژێر گومانـەوە، چـونکە سـەلمانی فارس هەلّگیراوی ناو زەمەنێکی مێژوییە، بەهۆی پاشگری فارسەوە بۆتە ڕاسـتەقینەیەکی دەرکـەوت و نـوێنراو، بەلاّم نوسەر ئەم بوونەی دەشێوێنێت و دەیکات بە کورد لە مێژوویەکی باسنەکراودا. ئەم زانیارییـە نوێیـە(واتـە بەکورد بوونی سەلمان) کار ناکاتە سەر ناوی و بەهـەمان شـێوەی خـۆی دەمێنێتـەوە لەگـەلّ ناوەکـانی دیکـەدا( سەلمانی فارسی یەکەم، سەلمانی فارسی مێژوونوس، سەلمانی فارسی حەوتـەم، دوایـەمین سـەلمانی فـارس) بـەدەر لەمانە سەلمانێکی نەناسراویش باس دەکات، کە بە هەموویان خوێنەر توشی ئالّۆزی حالّی بووندەکەن و نـاتوانرێ سەلمانەکان بدۆزنەوە لەبەردەم ئاوێنە زۆرەکاندا.

ڕەئوف بێگەر لە چیرۆکی(دوا شـەوی شـەهریار)دا [54] کەسـایەتی شـەهریار و شـەهرەزاد باسـدەکات، کـە نـاو کەسێتییە مێژووییەکەیە، بەلاّم گێڕانەوە جیاوازە، چیرۆك ڕوداوی ناو شەوێکە کـە دەبـێ شـەهرەزاد چـیرۆکێکی تیابگێڕێتەوە، بەهۆی گێڕانەوی چیرۆکێکەوە شەهریار دەخاتە نێو گۆمی زەمەن و ون دەبێ و تەنها لە حیکایەتدا دەمێنێتەوە.

ناوی مێژوویی بەشێوەی دەقئاوێزان لەلای هەندێ لە چیرۆکنوسانی ئەم نەوەیە دەردەکەوێ، جیاوازترە لـە شـێوەی خواستنی ناو کە پێشتر باسکرا. ناوهێنان لەم چیرۆکانەدا دەبێتە گوزارشت لە کەسێتی ئەو ناوە بە گواسـتنەوەی بۆ کەسێتی هاوچەرخی ناو واقع. بە واتایەکی تر ناوی مێژوویی لە پێناو نزیـك خـستنەوە و لێکـدانی کەسـێتی ڕوداوداری مێژویی و کەسـێتی هـاوڕوداوی واقیعـە. نمونـەی ئەمـە لـەلای دانـا فایـەق لـە (چـیرۆکی ونبـوونی هابیل[55])دا دەبینرێ. بابەتی چیرۆك چرکەساتی نوسینی چیرۆکێکە لـەلای نوسـەر بـە ئامـادەگی دوو کەسـێتی سەرەکی کە دەبێت یەکێکیان بکوژی ئەوی دیکەیان بێت، بکوژ ناو دەنێ قابیل و ئەوی دیکەش هابیـل. ڕەوتـی ڕوداو ناچێتە قولاّیی چیرۆکی ئامادەکراوەوە بەلّکو لە چیرۆکی نوسراوی نوسەردا دەمێنێتـەوە و ڕوداوی چـیرۆکی ئامادەکراو و چیرۆکی نوسراو ئاوێتە دەبن و هەر ئەمەشە وادەکات لە چیرۆکی هابیل و قابیلی نوسەر حالّی نەبین و هۆی ئاژاوەکەیان نەزانین. بەلاّم بەهۆی ناویانەوە زەینی نوسەر دەگەڕێتەوە سەر چیرۆکە ڕەسەنە مێژووییەکـە و پەیوەستی دەکاتەوە، ئەوسا خوێنەر لەبەردەم دوو چیرۆکی چونیەکدا خـۆی دەبینێتـەوە کـە یـەکێکیان کاملّـە و سوڕی خۆی تەواوکردوە، بەلاّم ئەوی دیکەیان لە حالّەتی ڕوداندایە و بە هۆی کەسێتییەکان و گوزارشتی ناویانەوە پێشبینی کۆتاییەکەی دەکرێت و دەزانرێ مەرگی هابیلی لێدەکەوێتەوە. بەلاّم کردەی نوسینی چیرۆك لەم خالّـەدا توانای خۆی دەردەخات، دەبێتە شکێنەری پێشبینی خوێنەرو ئاقاری ڕوداو بە لایەکدا دەڕوات  کە ئیدی خوێنـەر ناتوانێ مەزەندەی بکات، چونکە هابیل لە چیرۆکەکەی یاخی دەبێ و ڕازی بە کوشتن نییە. بـەلاّم قابیـل بـەهۆی

[54] ڕەووف بێگەرد، دەستی خودا، ل 58

[55] دانا فایەق، چیرۆکی ونبوونی هابیل، ئەدەب و هونەر، ژ 624

ڕۆڵەکەیەوە دەستبەردارنیە، گەرەکییە مێژوو دووبارە بکاتەوە. ناوەکـان لـەم چـیرۆکە دا بەرجەسـتەکەری ڕۆڵـی خۆیانن، دەستێوەردانی نوسەر لە گۆڕینی ڕوداوەکان و بە هاوچەرخکردنیاندا نەبۆتە هۆی شێواندی پەیوەندی نـاو و ناولێنراو، چونکە دواجار خواستنی هەموو نـاوێکی مێـژوویی لێڕابینـی ئـەو دەورە مێژووییەشـە بـۆ خـاوەن ناوەکە.[56]

وەرگرتنی ڕوداوی مێژوویی و ئەفسانە لە شێوەی دەقئاوێزانکردن دا، شێوازێکی عەباسی مەعروفییـە لـە هـەر دوو کاری سالّی ئاشوب و سـەمفۆنیای مردووەکانـدا. لـە ڕۆمـانی سـەمفۆنیا دا سەرچـاوەی بونیادنـەری ڕوداو حیکایەتی هابیل و قابیلە کە قورسایی دەخەنـە سـەر ڕوداوی هاوچـەرخ و ئـەزمونی مرۆیـی دوبارەکەنـەوە لـە سەردەمی نوێ دا.

یاخی بوونی هابیل کالّتر دەردەکەوێ لەلای ئاکۆکەریم مەعروف لە چیرۆکی( برینی هابیـل[57]) دا، نـاوی هابیـل بەرجەستەکەری کەسێتیەکەیەو کاراکتەر ڕۆڵـی خـۆی دەبـینێ بەهۆیـەوە، بـەلاّم ڕوداو ئەکـشنێکی کورتـە وەك بەشێکی دروستکراوی چیرۆکە ڕەسەنەکەیە و کارناکاتە سەر ڕەوتی چیرۆکە ڕەسەنەکەو نابێتە دەقئاوێزانی وەك لە چیرۆکی( ئایەتێکی تربۆ یوسف) دا دەبینرێ کە کەسێتی یوسـف وەك خۆیـەتی و بـەهۆی هێنـانی دایـك بۆنـاو چیرۆکەوەوە دیدگای خۆی دەردەخات بەرامبەر بەو چیرۆکە. لە هـەردوو چـیرۆکەکەدا بـە هـۆی تۆکمـە نـەبوونی بونیادی چیرۆکەکەوە نەتوانراوە ئەندێشەیەکی ئەوتۆ ببەخشێت بە خوێنەر و دەقئاوێزانی بونیاد بنێت.

ناوی مێژوویی ئایینی یوسف وەك پەیامبەرێك لە چیرۆکی( دایکە یوسف دەگەڕێتەوە)[58]دا، جگە لـە هەقیقـەتی کەسایەتی و ناو هاوتا ئاوێتەکردنی ڕوداوی ونبونی یوسف و ناپاکی براکانی و گریانی یـەعقوبی تێدایـە، لەگـەڵ ونبونی کوڕێك کە هەڵگری هەمان ناوە و ماسـیگرە. ئـەم تێکەڵبونـە بـەهۆی چـیرۆکی گێڕاوەکـەی یوسـفەوە لەلایەنن نەنەوە، دەقئاوێزانی لێرادا جۆرێکە کە ((دەقێکی هاوچەرخ لەگەڵ ڕابردوویـەکی ئـایینی دا، تێکـەلاّوی یەکتر بوون بۆ پێکهێنانی دەقێکی نوێ لەسەر بناغەی لێکچون(التشاکل))[59]. ڕوداوی هاوچەرخ تازە ڕوی داوە و یاسەمەن دەیگێڕێتەوە و لە چاوەڕوانی یوسف دایە، جودا لە وێنەی زۆلێخـا لەگـەڵ ونبـونی یوسـفی دەریـاوان و ماسیگردا، دەگەڕێتەوە بۆ ناو قولاّیی حیکایەتی یوسفی پەیامبەر و لە ڕێگای گێڕانەوەکانی نەنە حەبێوە، شـۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو ئەو چیرۆکە و لە خۆیدا بەرجەستەی دەکات. حیکایەت لەم چیرۆکەی ژوان دا ڕۆڵی کارا دەگێڕێت لەسەر کەسێتی یاسەمین، وەك چۆن کاریگەری حیکایەت لەسەر فەرهاد دەردەکەوێت لـە (تـەمی سـەرخەرەند)ی شێرزادحسن دا، هەڵبەتە هەریەکەیان بە تایبەتمەندی خۆیان.

---

[56] ئیان وات، و.محەمەد کەریم، تیۆری ڕۆمان، ل

[57] سەفەری پیاوەڕووتەکان، ل44

[58] ژوان ئاوارە، کۆتا وەسێتی بکوژێك، ل13

[59] عەبدولاّ تاهیر بەرزنجی، سالّی ئاشوب، ل 7

لەو ڕۆمانە دا فەرهادی شوان لە ڕێگای حیکایەتەکانی نەنکییەوە کە ئەفرێنەری خەیاڵ و فەنتازیاجوانەکانییەتی، ژیانی دەبێتە حیکایەتێك کە بە وێنەی شیرین و فەرهاد خەمهێنە. ئەگەرچی لە دەقئاوێزان دا ناو بە تەواوی وەرناگیرێ، ڕووداو ئاوێتە دەکرێت و کەسەکان ناوی سەربەخۆی خۆیانیان دەبێ، بەلاّم لەلای شێرزاد بەوردی کاری تێداکراوە، بە لێکدانی دوو ڕوداو دەقێکی هاوچەرخی ئەفراندووە. ئەم حیکایەتە لە ساڵی ئاشوبی عەباسی مەعروفیدا، بە دەقئاوێزانی کاری لەسەرکراوە. عەبدوللاّ تاهیر بەرزنجی لە باسی ئەزمونی مەعروفی دا ئاماژە بەم بەرهەمە دەدات، وەك پرۆسەی دەقئاوێزانکردن ئاماژە بە کاریگەری حیکایەتی شیرین و فەرهادی نیزامی گەنجەوی دەدات لەسەر نوسەر، هاوتا ڕەوتی ڕوداوی و مێژوویی و هاوچەرخ دیاری دەکات[60]. نوشافەرین و حوسەینا وەك شیرین و فەرهاد دەردەکەون و لەگەڵ ڕەوتی ڕۆماندا حیکایەت شیرین و فەرهادیش ئاوێتەی ڕوداو دەبێت و کەسایەتییەکان هەم سەربەخۆیی تەواویان هەیە، هەمیش لە ڕێگای حیکایەتەوە پەیوەست دەبنەوە بە دوو ناوەوە کە ڕوداوی هاوشێوە پێکەوە گرێیان دەداتەوە.

لە تەمی سەرخەرەند دا، فەرهادی بچکۆلە شیرینی هاوگوندیانی خۆشدەوێ، بەهۆی پەیوەستکردنەوەی ناویان بە حیکایەتی شیرین و فەرهادەوە دەیەوێ وەك فەرهاد پاڵەوان بێ و وەك پاڵەوانی ناو ئەفسانەکان کاری موجیزەئاسا بکات. لەم بەرهەمەدا ناوی مێژویی کاراکتەری حیکایەت، وا لە کاراکتەری چیرۆك دەکات بکەوێتە سەر کەڵکەڵەی نیشاندانی ناوەکەیەوە و بەتەوای کەسایەتییەکی مێژویی بەرجەستە بکات، بەلاّم دواجار کەسایەتیەکە لە ناو شکستەکانی خۆیدا سەرگەردان دەبێت. فەرهادی کاراکتەر هەموو ڕوداوەکان دەگێڕێتەوە بۆ فریودەری حیکایەتەکانی نەنکی، دوای چەندەها ساڵ بەسەر تێپەڕینی ڕوداوەکاندا فەرهاد دەڵێت((گوناهی تۆ بوو مێشکە بچوکەکی منت پڕکرد لە حیکایەت و ئەفسانە وداستانەکان ..چەندە منت ژیاند لەگەڵ چیرۆکی شیرین و فەرهاد، لاس و خەزاڵ، خەج و سیامەند، خورشید و خاوەر، لەیلاو مەجنون..وەها حیکایەتت دەگێڕایەوە خۆمم لێدەبووە لاس، سیامەند، مەجنون، مەم، دەبوم بە پاڵەوانی نەبەزیوی هەر هەموو داستانەکانت))[61]. فەرهاد لە منالییەوە لە هەوڵی دووبارەکردنەوەی مێژوودایە بەلاّم بێ ئاگا لە چارەنوسی مێژوو. سەرەنجام بەشێك لە ڕووداوەکانی مێژووی بەسەردا دێت(بەشی دابڕان) بەهۆی نەگۆڕانی کۆمەڵگای کوردییەوە لە سەردەمی ئەفسانەوەکانەوە تاکو ئێستا، بەلاّم بە جیاوازی چیرۆکە ڕەسەنەکە مردنی کەسیانی لێناکەوێتەوە.

## ناوی لێکدراوی خەسڵەتدار :

جۆری پێکهاتەی بونیادی ناوەکی یان دەرەکی کەسێتییەو لە خەسڵەت ڕووداوەوە وەرگیراوە و بە خشراوە بە کاراکتەر. ئەم جۆری ناوی تایبەتی لە ئەدەبی کوردیدا لە بەرهەمی بەختیارعەلییەوە سەرهەڵدەدا و

---

[60] عەبدوللاّ تاهیر بەرزنجی، ساڵی ئاشوب، عەباسی مەعروفی، ل 10

[61] شێرزاد حەسەن، تەمی سەرخەرەند، ل39

ڕەنگدانەوەیەکی کاڵی لە بەرهەمی چیرۆکنوسانی دیکەشدا دەبێت. ناو لەلای ئـەم نوسـەرە جگـە لـەوەی تـەنها نییە، هاوکات سیفەتدارە و وەك ناوی بچوك و گەورە(فامیل) دەردەکەوێت لە ئاستی ئاساییدا، بەڵام لـە ئاسـتی تێڕامان و خوێندنەوەی قوڵدا دەردەکەوێت ئەم ناوانە پێکهاتـەی تایبـەتی کەسـێتین و نوسـراوی سـەر پێنـاس و ڕەگەزنامە نییە کە ڕێکەوت دەستی هەیە لـە دروسـتبونیاندا. ئـەم جـۆرە نـاوە پرۆسـەیەکی تایبـەتی بەرنامـە بۆدانراوە لەلایەن نوسەرەوە کە نەك لە ڕێگایەوە کەسێتی تەواودەکات، بەڵکو هاوتـا بـشبێتە ڕەنگکردنـی ئـەو کەسانە و بونیادی پتەویان بخاتە ڕوو. ئـەم ناوانـە هەوڵدانێکـە بـۆ بیناکردنـەوەی کەسـێتییەکان لـە فەزایـەکی ڕیالیزمی جادوویی دا و ڕەنگبەخـشینە بـە تارمـایی کەسـێتییەکان و پـڕ ڕەنگکردنەوەیانـە. لـەم بارەوەیـەوە ڕێبوارسیوەیلی پێی وایە ئەم جۆرەناوانانە توانیویانە ڕەگەزێکی مینیاتۆریانە بەرجەستە بکەن لە ناو ڕۆمانـدا لـە ڕێگای مێتازمانەوە.[62] لە ڕاستیدا دۆزینەوەی ئەم ڕەگەزانە لە چیرۆکەکانەوە دێ کە لـە پـشت هەریـەکێك لـەو نازناوانەوە دێت کە کەسایەتییەکان هەیانە و بۆتە بەشێکی دانـەبڕاوی کەسـێتییان، ئـەو چـیرۆکانە لـە شـێوەی بچوکی خۆیـان و پڕەنگییـان بـەهۆی چـڕە بەسـەرهاتی ژیانیـان و ڕوداوی باسـکراوەوە و هـەڵگرییان لەلایـەن کاراکتەرەوە وەك خەسڵەتێکی دیـاری کەسـێتیان، مینیاتۆریانـە دەردەکـەون و وەك بەشـێکی سـەربەخۆ لەگـەڵ ناوەکانی دیکەدا تابلۆیەکی تەواو پێکدەهێنن.

شێوازی ناونان لە هەر پێنج ڕۆمانەکەدا(کەمتر لە مەرگی تاقانەی دووەمدا) پرەنـسیبی نوسـەرە بـۆ ئـەو جـۆرە بونیادنانە و گرێدانەوەی ناو و کەسێتییانە لە ڕێگای نازناوی خەسڵەتدارەوە . ئەم جـۆرە ناونانـە کـە تاڕادەیـەك نائاشنان بە خوێنەری کورد لەڕێگای (ئێوارەی پەروانە)ەوە دێتە ناو ڕۆمانەوە و وەك مۆدێلێکی فەرهـەنگی نـوێ لە ڕۆمانەکانی دیکەی دا دەچەسپێ. لەم ڕۆمانەدا ناوەکانی ( پەروانە، خەندانی بچکۆلە، سـەدرەدینی بۆنخـۆش، گۆڤەندی مەلەوان، فەرەیدونی مەلەك، سیامەندی باڵندە، مەعسومە، شـەهلای خودانـاس، عـەزیزی تیرەنـداز، ....) ئەم ناوانە ناوی زودگوزەری سەرەتایی نین تەنیا کارییان ناسینەوەی کەسایەتی بێت، بەڵکو بەشێکی تەواوی کەسێتین، ئەم ناونانە هەڵگری مێژووی کاراکتەرن، ناکرێ ئەم نازناوانەی نوسەر بخوێنرێتەوە لە ڕەوتـی ڕۆمانـدا و چاوەڕوانی مێژووی ئەو ناوەی لێنەکەین، بە دوای ئەو چیرۆکەدا نەگەڕێین کـە بۆتـە سـیمای جیاکـەرەوەی کـاری نوسەر لە کاری نوسەرگەلی تر. لێرەوە ناو ونازناو بۆتە بۆتەیەك بۆ پاراستنی پانتایی ئەو ڕابردوەی کە ئامادەیـە ئێستاشی تیا بتوێتەوە بەهۆی چەقە سیفەتی کاراکتـەرەوە لـە نـاو سـیفاتەکانی دیکـە دا. نـاوی پەروانـە وەك پاڵەوانی دیار ئەگەرچی تاك ناویشە بەڵام لە خودی خۆیدا، هەڵگری چیرۆکێکی پەروانەییە بەرجەستەکەری چەمك و مانای پەپولەیە لە ئاستی سیمانتیکی و لە ئاستی واقعیش دا هـەڵگری سـیفەتی پەپولەیـە. بـەهۆی وەسـفی پەروانە و ڕووداوی ئاوێتەی ئەم چەمکە دەبینین و کەسێتی تەواوی پەروانمان بۆ ئاشکرا دەبێ، خەنـدانی بـچکۆلە لە وەسفی جولاوی پەروانە دا دەڵێت (ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژیانی دەبوە ئـەو گـەردە وردە، گـەردی پەپولـەکان..ئـەو

[62] ڕێبوار سیوەیلی، دونیای شتە بچوکەکان، ل26

دەیزانی ئەوەی کە دەوەرێت ژیانی خۆیەتی)[63] وەسفی پەروانە وەسفێکی دەستکردی بێ ڕۆح نییە تا ناوی پەروانە بە پەپولەوە گرێبداتەوە، بەڵکو هەڵقولاوی ساتی ڕاستەقینەی ڕوداوەکانە و هەڵچنینە لە کەسێتییەکانەوە. پەروانە تەواو کەسێتییەکی پەپولەیی هەیە و هەڵگری خەسڵەتگەلێکی پەپولەییە و ژیانی لە کورتی خۆیدا دەوەرێ و دەبێتە غوبار. ئەم سیفەتی پەروانەییە کە دەبێتە گرێدەری فەرەیدون بە پەروانەوە. فەرەیدونی مەلەك وەك کەسێتی دیار وێڵی کۆکردنەوەی پەپولەکانە، پەپولە وەرزییەکان و ڕەنگاڵە و سپییەکان، کاتێك پەروانە دەبینێت وەك پەپولەیەکی هەقیقی واز لە ڕاوکردنی پەپولەکان دێنێ، چونکە پەروانەی دۆزیوەتەوە کە ئەویش لە ڕۆحییەتدا پەپولەیەکی تەواوە. لێرادا وێنەکان لێکچوانە دەردەکەون وەك بە غوباربوونی پەپولەکانی ناو ئەلبومەکەی فەرەیدون و بە تۆزبوونی ژیانی پەروانەی ناسك.

هەندێ لەو کەسێتیانە کە لاوەکین و هەڵگری ئەو ناوانەن لە ڕێگای وەسفێکی کورتی پشووئامێزەوە دوای ناوهێنان بە خوێنەر دەناسرێن، ئەم وەسفانە دەبێتە پشودان بۆ خوێنەر هاوتا شەوقدانێکیشە بۆ بەردەوامبوون، (محمد نوری ئەحمەد) ئەم جۆرە وەسفانەو چۆنیەتی چینینیان، بە شیعرەکانی ناو ڕۆمانەکان ناودەهێنێت ، پێی وایە لە پەسنکردندا لەبەردەم ڕوداوەکاندا نین، بەڵکو لەبەردەم تابلۆیەکداین، لەم بارەیەوە دەڵێت(سیفەتی وەسفکردن، سیفەتێکی نیگارکێشییە، کە تابلۆی کەسایەتییەکان و شوێنەکان و شتەکان دەکات)[64]. بۆ نمونەی ئەم تابلۆیانە دەکرێت لەم کەسێتییانە بڕوانیین وەك عەزیزی تیرەنداز(تاکە تفەنگچی جەنگەڵە و خۆی بە دەستڕاسترین پیاوی دونیا دەزانێ) مەهدی گوڵە باخ (گوڵە کێوییەکان کۆدەکاتەوە و لە شوشەیەکی گەورەدا گوڵاوییان لێدروست دەکات) غەمگینی بەختەوەر( ژیانی بەشێوەیەکی سەیر لە نێوان گریانی بەکوڵ و پێکەنیندا دابەشبووبوو. تاهیر توتی( جگە لە توانا دووبارەکردنەوەی هەندێ دەنگ بەهرەیەکی تری نییە. ئەم ناوانە وەسفی کورتی ناساندنن تا پەیوەندی ئەو نازناوانە بە کەسێتییەکانەوە بخاتەڕوو.

هەندێ وەسف جولاون وەك نەسرەینی بۆنخۆش جگە لە کردار و هەڵوێست چەمکێکیش لەسەر ناوەکەی بە دەستەوە دەدا ( بۆنی ئەو عەترە بۆنخۆشانەی کە لە خۆیی دەداپتر کچان و ژنانی مەست دەکرد). وەسفی کەسێتی ڕاستەوخۆ پەیوەست بە نازناوەوە، پەسن هەم ئەرکی کردنەوەی کۆدی ئەو ناوانەی لە ئەستۆدایە، هەم ناساندنی تەواوی بە خوێنەر ئەم وەسفانە زۆربەی وەسفی جولاون یان گێڕاوەن، بە مانای ئەو وەسفەی(ڕۆمانوس زیاتر وەسفی کردار و فیکر و هەڵوێست و باری دەرونی کەسێتییەکان دەکات و ئەو وەسفانەش دەبنە بەشێك لە گێڕانەوەکەو کاتەکەیان تێکەڵ بە کاتی ڕوداوەکان دەبێ و لێیان جیا نابێتەوە)[65] بۆ نمونە لە باسی شەهلای خوداناسدا و پەیوەندی لە ڕوداودا بە پەروانەوە، کردارەکانی وەسفدەکات و دواتر دەچێتە سەر چیرۆکی ڕابردوی و

[63] بەختیار عەلی، ئێوارەی پەروانە، ل 28

[64] محمد نوری ئەحمەد، بونیاد، ل180

[65] نەجم خالید نەجم ئەلوەنی، بینای کات ،ل 33

پاشان ئێستای ناو ڕووداو(ئەو لەگەڵ کازێوەدا، لەسەر بەردێکی گەورەی پێشدەمی ئاوەکان لە خـودا دەپاڕایـەوە، شەوانیش لە مابەینی دەوەن و بنچکە کێوییەکاندا، لەبەر قوتیلەیەکدا بەدەنگی بەرز قورئانی دەخوێنـد، زوو زوو خۆی فرێدەدایە ئاوەکان و بـەدوای پاکبونەوەیـەکی ون بـوودا دەگـەڕا)[66] ئیـدی لـە دوای ئەمــەوە لـە چـیرۆکی ژیانییەوە دەتوانرێ پەی بە حیکمەتی ئەو ناونان ببرێ و هەست بە کردار و بیری بکرێت. ئەم چیرۆکانە کارناکاتـە سەر وەستانی ولە دەستدانی سەربەخۆیی کاراکتەر بەڵکو ئەم کاراکتەرانە سەربەخۆیی خۆیان بە لە کاربەرانی تری ئەم جۆرە ناونانە لەم بارەیەوە ڕێبوار سیوەیلی دەڵێ(ئەوەی کاراکتەرەکانی ئەم دەقە دەکاتە کاراکتەری سەربەخۆ، ڕەوتی ژیانی ئەوان نییە لە ناو ڕوداوەکاندا و بە پێی گەشەی زەمەنی تەمــەنی هــەر کامێکیــان (تەنانــەت ئــەو کاتەش کە زەمەنی ڕوداوەکان و گێڕانەوەکان سیمایەکی میتۆلۆژیانە بە خۆیانەوە دەگرن، بەڵکو سەربەخۆیی ئــەو کاراکتەرانە هەر لەسەرەتاوە گرێدراوە بە ناو و نازناوی خۆیانەوە، واتە بــەو ڕەگــەزە زمانییــەی کــە هەریەکـەیان کاراکتەری بـونی هــەر یــەکێکیانی لــە ســەرەتاوە دەستنیــشانکردوە)[67] نازنـاوی ئـەم کاراکتەرانــە پەیوەنـدی گرێدراویان بە کەسێتییانەو جگە لە بەخشینی سەربەخۆیی، هاوتا توانیویەتی دەسەلأتی کاراکتــەر بــسەپێنێ بــە ناو زەمەن و ڕودا و شوێندا، دەسەلأتێك کە دواجار ســەدای تێکـەڵ دەبێتــەوە ڕووداو لەگـەڵ ڕەوتـی گێڕانــەوەدا ئاڕاستە دەکرێت.

نازناو لە کارەکانی دا جێگیر نییە و هەندێ جار دەگۆڕێت وەك (گۆڤەنـدی مەلـەوان) جگـە لەوەسـفی وەسـتاوی کەمخایەن هاوتا وەسفی وەگێڕیش دەکـرێ و پــەی بــە نازناوەکــەی دەبــرێ بــەهۆی مەلــەوانی و وەرزش و یــاری شەترەنجەوە، بەلأم دواتر بەهۆی گۆڕینی پیشەوە ناویشی دەگۆڕێ و دەبێ بــە پەیکــەرتاش ئەمــەش بــە شـێوازی فەرمی وەك ناو نییە بەڵکو لە لایەن فەرەیدونەوە ناودەبرێـت کاتێـك سـۆراخیدەکات (گۆڤەنـدنی پەیکەرتاشـتان نەدیوە؟).

مەعسومە وەك تاك ناو لەسەرەتادا ناودەبرێت کە هەڵگری مانای پاکییە، دواتـر بـەهۆی ڕوداوی وازهێنـانی لـە عەشقستان ناودەنرێت (مەعسومەی گوناهکـار) ئــەم نــاوە دەفبەدەســتەکان و شــوێنکەوتوانی مــەلا کەوســەری باغەوان پێی دەبەخشن و لە دیدگای خۆیانەوە بۆ کرداری مەعسومە، ئەو نازناوەی دەدەنێ، بە هەردوو ناوەکـەی دەبێت مانابەخشی پاکێکی گوناهکار. پاك وەك سروشتی ئــەو کـچە لــە دیـدی نوسـەرەوە، گوناهکـاریش وەك توشبویەکی دونیایی لەلایەن ئیماندارانەوە.

ئەم شێوازە لە ڕۆمانەکانی دیکەی دا دەردەکەوێ ئەو کاتەی کە کاراکتەر فرەناو دەبێت بەهۆی گۆڕینی کەسـێتی و خەسڵەتی ناجێگیرییەوە، بە واتایەك ناو و نازناو هەن و زۆر نابنە مەبەست پێك، ئەوسا ناو ونازناوی دووەمــی پێدەبەخشرێت بۆ نمونە( لە غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا لە ناوی ( ماجیدی گوڵسۆلاڤ، زوهدی شـازەمان) دا

[66] دواهەمین هەنار، ل131

[67] هەمان سەرچاوە، ل161

دەبینرێ. ئەم دوو کەسێتیە خۆیان هەڵگری ئەو سیما ناوییەی نوسەرن ، بەلاّم بەهۆی سیفەتێکیانەوە نازناوی دیکە وەردەگرن (ماجەلانی خەیاڵ، ماجەلانی ڕاستەقینە) هاوتا وەسفدەکرێن و هۆکاری ئەو ناونانەش ئاشکرا دەکرێت، جگە لە ئاشکراکردنی ڕاوی هاوتا ئەو ناوانە دەبنە هەڵگری تەفسیری جیاواز بۆیان و مێشکی خوێنەر بۆ دونیای جیاوازی بیرکردنەوە کێشدەکەن، (ماجەلان نازناوێکە بۆ پیاوێك کە گەلێك گەڕاوە). کاراکتەری حەسەن تۆفان ناوی سەردەمی پیاوکوژییەتی و دواتر و پاش وازهێنانی و گەڕانەوە بۆ لای دایك و پیشەی گولاّو دروستکردن، ئەوسا دەبێت بە (حەسەنی پیزۆی گولاّو) و وەك گولاّوسازێك مانای ناوەکەی ناسك دەبێتەوە. محمدی فیردەوسی لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا بە چەشنی حەسەن تۆفان ناوی لە محمد ڕامبۆ وە دەگۆڕێ بۆ فیردەوسی بەهۆی گۆڕانی کەسێتییەوە لە شەڕانگێزییەوە بۆ عاشقێکی ئەدەب دۆست، شیعر دۆست کە عەشق ئەدەبیاتی کۆنی فارسی لە سەعدی و حافزەوە تا شانامەی فیردەوسی پێ لەبەردەکات. ناو لێرا دا ئەگەر وەك شوناسی تاك بناسرێ ئەوا نازناو ئەرکی هەڵگرتنی لە ئەستۆدایە و نابێت لە جێگای خۆیدا وەك پێشناوێکی هەمیشەیی بمێنێتەوە، بەڵکو ئەو نازناوە هەڵگری فەترەیەکی مێژووییە کە تا ئێستاش ئامادەگی لەو کەسەدا هەیە لێی جودانەبۆتەوە.

(موردا جەمیل) ئەگەرچی پێکهاتەی واتای ناوەکەی هەڵگری خەسڵەتێتی بەلاّم بۆ تەواو ڕەنگکردن و جوانکردنی نازناوی نەوجەوانی چینی پێدەبەخشرێت لە لایەن کچان و ژنانەوە. ئەم نازناوە لەگەڵ ناوی خۆیدا دەبێتە ڕویەکی دیدەنی موراد جەمیل لە ناو کایەی ژیانی دا، کە ڕوی عەشق و جوانییە. مورادجەمیل وەك ناوێکی پیاوانەی سەنگینی ناسنامەی ئەو کەسێتییەیە لە واقعدا و بە ناوبردنیشی قبوڵکردنی ئەو واتاییە بۆ ئەو کەسە چ وەك ڕاهاتن یاخود سەپێنراو، بەلاّم کاتێك ناو دەنرێت نەوجەوانی چینی دەسەلاّتی فەنتازیا بەسەر واقیعدا زاڵ دەبێت بەهۆی وێنانەکردنی لە واقیعدا، نیشاندانی ئەو سەرسامییەیە ناوێکی لە ئەفسانەوە بۆ دەخوازێت تا ببێتە چەمکێك کە سیحر وئەفسونی ئەو کەسێتییە نیشانبدات. ئەم ناونانە لە ئەستۆی هەمەکار ڕاپەڕێنیەوە دەگوازێتەوە بۆ ئەو خانمانەی کە دەستەوەسانن لە بەرامبەر جوانی ئەو کوڕەدا و دەیانەوێ بەو ناوە ئەو کوڕە خەیاڵییە بهێننە ناو واقع و لە ڕێگای ناوزەدکردنیەوە وێنەیەکی ئامادەگی هەبێ. بە واتایەکی تر ئەو ناوە وەرگێراوی سیمای کەسێکە کە دواجار ناو دەبێتە نیشاندەری ئەو وێنەیە و لە زەیندا بەرجەستەدەبێت. ژنی بارۆنی مریشك لە ڕێگای گێڕانەوەکانییەوە باس لەو ناونانە دەکات کە گوایە لە کوڕی حیکایەتەکان دەچێت، ئەو کوڕانەی کە لە ئەشکەوتێکدا وێنەی کچێك دەدۆزنەوە و عاشقی دەبن و دوای دەزانن دەست پێ نەگەشتوە و کچی پادشای چین وماچینە . ئەمانیش ئەو چیرۆکە دەگوێزێتەوە بۆ بەسەرهاتی ژنان کە کوڕێکیان دۆزیوەتەوە لە کوڕی پادشای چین و ماچینی دەچێ . لە ڕاستی دا ئەم ناوە وەك تۆڵەیەکی ژنان دەردەکەوێ لەپیاوان کە بە درێژایی مێژوو کچانی کە جوانی خەیاڵییان هەیە گەڕێنراونەتەوە بۆ چین و ماچین ، پیاوی کورد هەزار ساڵە لە حیکایەتەکاندا باس لە لەو کچانەدەکەن و دەڵێن(دەتگوت کچی پادشای چین و ماچینن دەتگوت قەراڵی چینە...جارێك نەبوو بەڕاستی ئێمە بکەن بە ناونیشان ...ئێمە جوانی مورادمان بینی کە هەمو پێکڕا عاشقی

ئەو بووین، کە وەها تەلسمی لێکردبووین، تۆڵەی ئەو هەموو ساڵەمان بەو جۆرە کردەوە، جوانی موراديش لە جوانی پیاوانی ئەم شارە نەدەچوو)[68] ئەم ناوە تۆڵەیە لە پیاوانێك کە بە فەنتازیاکانیان ڕوو لە جوانی ئەفسانەکان دەکەن و هەموو جوانییەکی ئەمان ڕەتدەکەنەوە بەو حیکایەتەی کە بە درێژایی مێژوو بە ڕەوتێکی دژە ژن(کورد) گەشەیانکردوە. ژنان دەیانەوێ تۆڵەی خۆیان بکەنەوە بەرامبەر ئەو شکستە مێژووییە کە بەردەوام جوانی ئەوەی خەیاڵی و دەست پێڕانەگەشتووی بەسەر ئەمی جوانی نێو واقیعی دەست پێ گەشتوودا باڵا نیشانداوە. بۆیە دێن بەیەکجار و لە ناوێکی نهێنی دەستە جەمعی ژنان دا پیاوێك ناو دەنێن نەوجەوانی چینی تا حیکایەتێکە هەنوکەیی بسازێنن و بەیەکجارو لە ڕێگای پیاوێکەوە تۆڵەی ئەو هەموو شکستەی وێنەی خۆیانە بکەنەوە لە پیاوان . دواجار پیاوێك دێت و جوانییەکانی خەیاڵییە، ناکرێ ژنان وەك پیاوی سادەی کورد لێی بڕوانن بۆیە بە هێنانەوەی ئەفسانە بۆ ناو واقع مۆرکێکی نامۆی پێدەبەخشن تا لاسەنگی دیدەکان هاوسەنگ بکاتەوە.

لە ناونانی کاراکتەری مەلای هاجەر دا، ناو دەبێتە جیاکەرەوەی دوو بەشی کەسێك کە قەدەری عەشق ئەو بڕیارەی پێداون، مەلای هاجەر وەك مەلایەکی لە خواترسی سامڵێنیشتوی عەشق و هەستکردن بە گومڕابوونی خۆی لە بەشەکەی دی خۆی هەڵدێ. هەرچی بەشەکەی دیکەشی ئازادانە بە دوای ئەفسونی عەشقەوە لە ناو حورمەتی غەزەلدا جوانییەکان دەهۆنێتەوە و بە ناوی مەلای سوختەوە ناو دەبرێ. پیشناوی مەلا وەك چەمکێك هەڵگری هەموو زانایی و فرەزانییەکی ئاینی و ڕۆشنبیری و ئەدەبییە لە زەمەنی ڕابردوودا، ئەم پێشناوە وەك دەرخەری بنەمای کەسێتییەکە لە هەردوو ناوەکەدا دەمێنێتەوە، لەگەڵ جوداکردنەوەی ڕێگاکان و گرتنەبەری ئاڕاستە شیاوەکانی هەردووکیاندا ناوەکانیش پەرتدەبن.

مەلای هاجەر مەلایەکە (کۆچکردوانە) لە خۆی و لە عەشق هەڵدێ بە جۆرێك کە ڕاکردن و کۆچکردن بە تەنها ڕێگەیەك دەزانێ بۆ کوشتنی بەشەکەی دیکەی خۆی یاخود هەر نەبێ ڕزگار بوون لە وەسوەسەکانی.

هەرچی مەلای سوختەشە ئەگەر وەك مانا ئێرانییەکەی لێی بڕوانینن ئەوا مانای سوتان دەگەیەنێ لە نێو غەزەل و بێ دەنگی و عەشقدا و ناوەکەی دەبێتە بەرجەستەکەری کەسێتی کاراکتەرەکە، هەرچەندە دەشێ بەو بارەشدا خوێندنەوەی بۆ بکرێ کە (سوختە) یەکە قۆناغی پلەی بوون بەمەلاییە لە پلەکانی (سوختە، فەقێ، موستەعید، مەلا)، ئەو کاتە دەکرێت بڵێین ئەمە مەلایەکە وەك ناو، کە هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی خوێندنەکە دایە و نەگەشتۆتە قۆناغی مەلایەتی.

ناو لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا وەك لاقرتێ و توانج دەردەکەوێت بۆ کەسانێك کە ژیانیان بۆتە پارچەیەك لە حیزب و دەسەڵات و فەسادی ئەخلاقی، نوسەر ئەم ناوانە وەك کارکردنی بەردەوامی لە کەسایەتییەکانەوە دێنێ، بەڵام بە جیاوازی ئەوانی تر لە بری خەسڵەتە جوانەکان و خاڵە جەوهەریەکانی بێ لە کاراکتەرە زەمەن بڕەکانیی دا هەیە، نیشاندانی دیوە دزێوییەکانیانە لە ئاستێکی زمانی دا کە لەنگی نەخاتە جۆری ناونانەکەوە و هاوتا مەبەست

[68] غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ ، ل390

پێکیش بێ، ئەم ناونانە لە بارۆنەکانەوە بەدیدەکرێ کە لە ئیش و جۆری کاریانەوە سەرچاوە دەگرێ. نزیکەی 20 بارۆن دەبینرێ بە ناوەکانی (بارۆنی کولەکە،بارۆنی شیرو شەکر، میری خەنەووسمە، گوڵ، ڕەش، خەیاڵ، پۆرسەلان، مریشك، هەرمێ، هەنگوین، سێبەر، مەیکەدە، مەدەنی، ئارد، ئاسك، چینی، بەڕۆن، بووکە شوشە، توتی، دەریاچە). بارۆن نازناوی پیاوە گەورەکانە جۆرە پێشناوێکی ئەوروپییە، ئەوان سەردەمانی زوو بەکاریان دەهێنا...لەم چەند ساڵەی دوایدا کە سەروەت و سامان زۆربووە، خەڵکانێك کە فەرمانڕەوای ئەم وڵاتەن فێربوون بەیەك بڵێن بارۆن سەرەتا نازناوێك بوو بۆ پێکەنین[69]، دوای ئەم ناوە تەواو جێگەی میرزا و بەگ و ئاغا دەگرێتەوە بۆ گۆڕینی فۆرمی ژیانیان لە عەشرەتگەرییەوە بۆ نوێخوازی مەدەنی ئەوروپی(هەرچەند لە بنەماش دا ئەمەش عەشرەتگەرییە) بەلاّم ئەم ناونانە ناتوانێ سیمای ئەشرافزادەیی بنوێنێ و لە وێنەیەکی کاریکاتێریدا دەمێنێتەوە.

ئەمانە ناوی ڕەسەنی خۆیانیان فەرامۆشکردوە، یەك دوانێکیان ناو دەبڕێن و هۆکاری ئەم ناونانەشیان ڕون دەکرێتەوە بۆ نمونە بارۆنی کولەکە ناوی(سامانی شەفەی شەجەر) کە لە سەرەتاوە بە کولەکە فرۆشی دەستی پێکردووە. بارۆنی سێبەر(مەهدی خوداداد) بۆیە ناویان ناوە بارۆنی سێبەر(چونکە هەندێك وا هەستدەکەن کە بە ئاسانی بۆتە بارۆن، لە هیچەوە دروستبووە لە سێبەرەوە هاتووە...، هەندێکی دی وەك پیاوێکی ژێرەوانکێ سەیریدەکەن کە لە ژێرەوە لە دونیای سێبەر و تاریکی دا کاردەکات) ئەمە کردنەوەی دەروازەیەکە بە ڕوی تەفسیر و ڕاڤەی جۆراوجۆر لە ئاست بیستنی هەر نازناوێکدا کە جگە لە چیرۆکی ڕەسەن دەکرێ چیرۆکی تری پێوە هەڵپەسێردرابێ و دەوری ڕەسەنەکەیان گرتبێ هاوتا هەمووشیان برێك لە حەقیقەت و کەسێتی نیشان نەدراوی ئەو بدرکێنین. هاوشێوەئ ئەم ناوە لە (دواهەمین هەناری دونیا) دا لە نازناوی کەسێتی لاوەکی (کەریمی شیرین)دا بەدیدەکرێت کە لەسەنگەردا پێشی دەوترێت(ڕۆمڵی چیا) ئەو کاتەی سەریاسی دووەم چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت(شەیتانیش بە تەواوی نەیدەزانی بۆ ناوی کەریمی شیرینە، هەزار حیکایەتی لەسەربوو، ...لەساردەمەنی و شیرینی گولاّلە ئیشی کردووە، یەکێکی دی دەیوت حەزی لە قەحبەیەك بووە ناوی شیرین بووە، ژنێکی هەبووە کاتێك لێیان پرسیوە تامی چیدەدات وتویەتی شیرینە زۆر شیرین)[70] هەموو ئەو حیکایەتە هاومەبەستن لە نیشاندانی ئەو کەسێتییەدا کە دەشێ ڕاست بن بۆ ئەو ناونانە.

لە شاری مۆسیقارەکاندا ناوی ئیسحاقی لێوزێڕین کە فلوت ژەنێکی کارامەو حیکمەت ناسە، نازناوەکەی بەرجەستەکەری خەسڵەتەکەیەتی و وەك نەریتێکی ڕۆژهەڵاتی ئەو ناوەی پێ دەبەخشرێت بە هۆی ئەو هونەرەوە کە لێوەکانی دەیخولقێنن. جەلادەتی کۆتر نازناوەکەی هی باوکیەتی (ئیسماعیلی کۆتر) هاوتا دەبێتە خەسڵەتگری

[69] هەمان سەرچاوە، ل212

[70] دواهەمین هەنار، ل 234

کاراکتەرەکەو لە ڕێگای مۆسیقاوە وەك هەڵگی پەیامێك دەردەکەوێت. بەڵاّم دواتر ناوەکەی دەگۆڕێت بە قەقنەس ئەوسا بونێکی ئەفسانەیی وەردەگرێت و لە واقعەوە بەرەو حیکایەت ڕۆدەچیّ.
محمدی دڵشوشە لە دواهەمین هەناردا ناوی تەواو کەسێتیەکەی نیشاندەدات، نەك تەنها لە ڕێگای چیرۆکی ژیانیەوە بە یەکجار، بەڵکو لە سەرتاسەری کردارو گوفتاری دا لە گێڕانەوە بەش بەش بووەکاندا، کوڕێکە بێزار لە دیوارە بەرزە هەڵچنراوەکان، لە نهێنیی و شاردنەوەکانی سەردەمی شۆڕش لە دەرگای کلیلدار و کڵۆمدار، دەیەویّ هەموو دەرگاکان بکاتەوە هەمیشە کۆمەڵێك کلیلی پێیە( ئەو کلیلانەی لە شوشەن و دەرگای دونیای هەوای و سەرزەمینە خەیاڵییەکان بۆ ئەو گەنجە دەکەنەوە)( هەمیشە لە خەیاڵەکانی خۆیدا دەژیا کۆمەڵێك کلیلی هەبوو خۆی دروستی کردبوون، کلیلی ژیان و کلیلی مردن، کلیلی تەنیای و کلیلی عەشق..)، ئەو کوڕە تەمەنای دیتن دەکات بە دوای دۆزینەوە دا دەگەڕێت، بەڵاّم هەست بە بڵندی دیوارەکان دەکات دەزانێت کە لەم دیوارانە دا ناتوانێت هیچ ببێنیّ. کاتێك باوکی دەڵێت چ داوایەکت هەیە تا بۆتی جێبەجیّ بکەم ئەویش وەك ئارەزویەکی دێرینە داوای خانویەکی بچوکی شوشەدەکات و سەرەنجام خانوەکەی لە شوشەی کاسێکی بادە تەنکتر بۆ دروستدەکەن و لەوێدا دەژی. جگە لە شوشەیی ماتریالی هاوتا هەستەکانی تا ئەندازەی بە شوشەبوون ناسکە و بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەی شکستێك دایە، کە چاکبونەوەی مەحاڵە، دواجار دۆڕانی عەشق دەبێتە شکێنەری ئەو کوڕەو ژیانی شوشەیی هاڕەدەکات و دەمرێت.
لەم ڕۆمانە دا زیاد لە (33) ناو دەبینریّ(موزەفەری سوبحەدەم، یاقوبی سنەوبەر، ئیکرامی کێو، محەمەدی دڵشوشە، لاولاوی سپی، شادەریای سپی، سلێمانی مەزن، سەی مژدەی شەمس، سەی جەلالی شەمس، نەدیمی شازادە، ژینۆی مەخمەڵی، ساماڵی کونجی، کەریمی شیرین، مریەمی کوردستان، کەی خەسرەو ئاغای سۆفیان، مەلیك دولبەر(عبدالمليك شامراد هارون)، شەریفی پەپولە، گوڵی ئاگر، ئیدریسی هەنگوین، تەیفورپاشا، ئەستێرەی ڕەش، ئادەم مەرجان، مامۆستا خەلیل هورمز، (3) سەریاسی سوبحەدەم) جگە لە ناوی زۆر پەراوێز کە تاکناون وەك( شەهاب، سەناریا، کەناریا، نەغەدە، بەفرین، نەسیم، چیمەن خان)، زۆربەیان چیرۆکدارن و بە پێویستی نازانین باسی بکەین، چونکە وەك سەرجەم کارەکانی دیکەی وایە، بەڵاّم ئەوەی جودایە هاوناوییە بۆ سیّ کەسێتی جودا(ئەو ستایلەی کە بە شێوازێکی دی لە ناوی مێژووی لای هەندیّ لە نوسەران دەردەکەویّ).
سەریاسی سوبحەدەم (ناوێکی سەیر لە باوکێکی سەیرەوە)[71]ناو بەهۆی نازناوە جوداکانەوە لەیەکدی جیادەکرێنەوە بەڵاّم ئەم سیّ کەسە کە هەمان ناو ونازناویان هەیە و ناو دەبێتە ڕۆپۆشێك تا لە هاوناوی دا شوناس بکاتە یەك شوناس. ناو نوتفەی شەیتان و مەلائیکە، زادەی ئاسودەیی حەلاڵ و ترسی حەرام ئاوێتەدەکات و لە ژێر ناوێکی ناسراودا. ناوە دەبێت بە گرێدەرەوەی سیّ کەسێتی لە نێوان خاڵە تێواریەکانی ون بوون و ون نەبوون دا،(تەنیا ڕێگایەك بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکەم، ئەوەبوو یەك ناویان لیّ بنێم، ئەوە تەنها ڕێگایەك بوو نەهێڵم نهێنییەکەیان لە

[71] بەختیار عەلی، دواهەمین هەناری دونیا، ل 303

ناو نهێنییەکاندا ون بێت، نەهێڵم ناویان لە ناو ناوەکانی تردا ببێت بە ژێرەوە، لەیەك کاتدا ونیانبکەم و نەشهێڵم ونبن)[72].

نەجات نوری ئەم جۆرەی ناونان بەکاردەبات بۆ کەسێتییەکانی کە خاڵی نییە لـە کاریگـەری بـەختیار عـەلی و هەست بە تارمایی ئەو ستایلە دەکرێت. لە ڕۆمانی( دەستنووسی فەقێکان)دا ناو سـیفەتداره بـە پێـی ڕەفتـار و سیفەت بەخشراوەتە کەسێتیەکان (بابلی گۆڕ هەڵکەن، کاروانی چاوگەورە، تاریقی گەورە ئەفسەر، حوسنی کـچە قەرەج، یەشار پاشا، دەروێشی گولان، بەکری نانەوا، جەلیلی ئاسنگەر، دەروێش خدر، لالـە عەبـە، ڕەزا...) بـە جیاواز لە بەختیار ئەم ناوانە نـاتوانن کەسـێتی بونیـادنراو نیـشانبدەن و بـوونی سـەربەخۆی خۆیـان ڕاگەیـەنن، هەرچەندە هەوڵدان بۆ سازکردنی ئەو ناوانە لە ڕێگای زمانەوە بۆ وێنـاکردنی تـەواوی کەسـێتییەکان نـەیتوانیوە قورسی خۆی بنوێنێ، بەلاّم هەنگاوێکی دروستی ناوە بۆ بە ئەفسونکردنی گێڕانەوە و ڕوداوەکان. دانـا عەسـکەر لە خوێندنەوەیەکی بۆ ئەم ڕۆمانەدا، هەڵبژاردنی ئەم جۆرە ناونانە بە ڕۆحێکـی ئەفـسانەیی و دەروێـشی دەداتـە قەڵەم و پێیوایە ئەم ناونانە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ڕەوتـە نوێیـەی کـە ڕۆمـانی کـوردی بـەرەو ئەفـسانەکردن و سۆفیکردنی کاراکتەرەکان و دەقەکانی دەبات.[73] لە ڕاستی دا ئەگەرچی ئەم قسەیە قورسایی خـۆی هەیـە، بـەلاّم ناکرێ ئەوەش فەرامۆش بکرێت کە ئەو ڕەوتە لە پۆلێنێکی جـودادان و ئەوانـەی کـار بـەم ئاڕاسـتەیەدا دەکـەن بەختیارعەلی نمونەی دیاریانەوە لە پلەیەکی جیاوازتریش دا جەبار جەمال غەریب، ئـەوانی دیکـەی ئـەو نەوەیـە ئەفسونکردنی تێکستیان بە ئاقارێکدایە کە ناوەکان کەمتر ئەمجۆرە دەگرنەوە و زیاتر ناوی مێـژوویین وەك پێـشتر ئاماژەی بۆ کرا.

نەجات نوری لە چیرۆکی(شاری کتێب فرۆشان) داهەر بەو چەشنە ناوی کاراکتەر دەهێنێ کە نازناوی لەو جۆرەیان هەیە، لەم چیرۆکەدا (4) ناو دەهێنرێت (مەولانا شەمسەدین، جەمالەدینی هاوڕێم، فاتمەی خـۆر، عابیـدی پـیر) ئەم ناوانە لە چیرۆکەکەدا چەند جارێك دووبارە دەبنەوە و کەسێتیەکانی لە ئاسـتی ڕوکەشـدا پـێ دەناسـرێتەوە، بەلاّم ناتوانێ بە هۆی ڕوئیا و زمانەوە بونیادی قوڵیان دەربخات و گوزارشت لە کەسـێتیەکانی بکـات، تـەنها لـە شێوەی ناوی ئەفسانەیی دا دەمێننەوە نابنە مەبەست پێکی ناولێنراو. مـەولانا شەمـسەدین هـیچ ئاماژەیـەکی ناڕاستەوخۆ یان گوفتار و کردارێکی وەهای نییە تابمانباتەوەی سەر ڕەگوڕیـشەی ناوەکـەی، یـاخود هـەر نـەبێت بەدەر لە مێژوو ئێستایەکی ئەو ناوە بنەخشێنێ ( لە کاتێکـدا کاراکتـەرەکانی بـەختیار جگـە لـە خوێندنـەوەی ئێستایی دەکرێت بە شێوازی دایکرۆنی کاری لەسەر بکرێت)، ئەمە بۆ (فاتمەی خۆر)یش هەر ڕاستە، چـونکە بـە حوکمی فەزای کارەکە کە دەورێکی سەرەکی دەگێڕێت لە ناونانـدا، ناکرێـت وەك نـاوێکی ڕیالیـستی تەماشـای بکرێت، هاوکات هیچ دەلاقەیەکیش نییە تا لێوەی بڕوانینە ئەو نازناوە و بە کەسێتیەوەی ببەستینەوە. وەگێـڕش

[72] هەمان سەرچاوە، ل303

[73] دانا عەسکەر، ڕەخنەی چاودێر، ژ 151

دەڵێت من کە دواتر بە (عابیدی پیر) ناوم دەهێنن، هیچ ئایدیایەك بە ئێمە نادات لەسەر ئەو ناوەی، دەکرا نـاوی نەبوایەو بەردەوامیش بوایە لە گێڕانەوە، چـونکە دواجـار نـاو لـە پێنـاو نـاو دابـووە نـەك دەرخـەری کەسـێتی سیفەتداری پەیوەست بەو ناوەوە. ئەم ناوانە بە شێوەیەکی گشتی ناوی گونجاو و شیاوی فـەزای تێکـست و ڕوداو وزەمەنن، بەلاّم ناتوانن گوزارشت لە کەسێتی بکەن و بە سانایی بەسەریدا تێپەڕیوە.

ئەم شێوازە لەلای جەبار جەمال غەریب لە ڕۆمانی( لەسەر باران دەنووسم) کاری خـۆیی تێـدا کـراوە، ناوەکـانی (موغی سم سەنگ، گوڵ مەرجان، سورنجان(داسوغ)، سێوکا، یادگاری فالّچی، خاشخاش، مریەم ڕەیحان، کـەمال شامیهر(دلّشا)، فەرزەند، وەستاحەسەنی شـێخ ئـالّ، ژنـەی تـەونی سـوور...) نیـشاندەری کەسـێتیەکانن. نـاو بەرجەستەکەری کەسێتی کاراکتەرە لەو ڕوانگەیەوەی کە لە سیفاتەوە دەبەخشرێت بە تاك، لـە نـاوەوە دەدرێ بـە دەرەوە کۆنتاکـت لەگـەڵ یەکـدا دەکـەن. ناوەکـان تـا ئاسـتێکی بـاش تـەبان لەگـەڵ بونیـادی ڕۆمانەکـەدا، کەسێتیەکانیش لەتەك وەسف و لە نـاو ڕووداودا دەبنـە پێکهێنـەری ناوێـك . دواتـر نـاو دەبێـت بـە بەشـێکی کەسێتییان. لەم ڕۆمانەدا وەسف بە شێوەیەکی گشتی لە جولّەی سستی خۆیدایە و ناو دووبـارە دەکاتـەوە تـاکو هەم بیری خوێنەری بهێنێتەوە هەمیش چەسپاوتر ئەو سیفەتە لە ناو ڕوداوەکاندا بە کەسێتییەکانەو دیاربێت و بە هۆی ڕووداوەوە ون نەبن.

ڕیشەی ناونان لەم ڕۆمانەدا لە پەسنکردندا بە ئێمە دەگات وەك لە وەسفی (موغی سم سـەنگ)دا دەڵێـت( ئـەو پیاوەی پەنجەکانی پێی نەبوون پێیەکانی خڕ بوو وەك هی ئەسپ)[74] یان  ناوی کـەمال سـەرەتا تـەك نـاوە بـەلاّم دواتر لە دایالۆگێکی نێوان و فەرزەند و یادگاردا، یادگار دەڵێت ناوی کەمال نیە و شامیهرە، فررزەند دەڵێ ئـەو بەسەزمانە شای کوێیە؟ لە وەلاّمدا یادگار دەڵێ: شـای دڵـی خوشـکەکانتە..لێـرەوە لـەم دایالۆگـەوە نـاون ڕون دەبێتەوەو مەبەستی تەواوی نیشان دەدرێت. یان لە باسی یادگاری فالّـچی دا ئەگەرچـی فەرزەنـد دەڵێـت ئـەوە یەکەمجارە بەو ناوەوە بانگی کەم ڕاوی هۆی ئەو ناوبردنە لە ڕێگای پەسنەوە باسدەکات و دەڵێت(ئەو کوڕە گەنجەی هەرگیز بەختی خۆیی پێ نەدەخوێنرایەوە، داهاتوی هەموومانی دەزانی، ئێمە گاڵتەمان پێدەکرد و قسەکانیـشی هەمیشە ڕاست بوون) هەندێ جاریش بە یادگاری سەهۆڵ ناودەبرێت لە لایـەن فەرزەنـەدەوە(دەترسـام دونیـا وەك دەموچاوی یادگاری سەهۆڵ بوزو شەختە شەق شەق بێت)[75]یادگار ئـەی هـاوڕێی سـەهۆڵم، ئـەی سـەهۆڵ ئـەی زەمهەریر، ئەی هاوینی بەفر) ئەم جۆرەی ناوبردنە پەیوەستە بە ساتی قسەکردن و خوێندنـەوەی ناولێنـەرەوە بـۆ ناولێنراو، چونکە زەمەنییە و دەگۆڕێت، وەك ئەو نازناوە وەسفییانەی کە یادگار بۆ فەرزەندی بەکاردێنێ لە کاتی گفتوگۆکردن دا(فەرزەند فەرزەنـدی بـەخت، فەرزەنـد فەرزەنـدی ئومێـدی ون، فەرزەنـدی ون، فەرزەنـدی مـوغ، فەرزەندی تەلیسم) کە زیاتر دەبێتە هەڵگری ئاوازێکی جادوویی فالّچییەك لە ڕێگایەوە ژیانی ئەو باسدەکات. لە

[74] جەبار جەمال غەریب، لەسەرباران دەنوسم، ل 37

[75] هەمان سەرچاوە، ل 8

لای بەختیار ئەم جۆرە زۆر دووبارە دەبێتەوە کە قسەکەر لە هەست و دیدی خۆیەوە لە چرکە ساتی قسەکردندا نازناوی سیفەتدار دەبەخشێتە یەکێك و لەبەردەمی دا پێگەی خۆیی پێ نیشاندەدات لە ڕێگای ئەو نازناوانەوە.

وەك لە دواهەمین هەناردا بەرچاودەکەوێ، سەریاسی سوبحەمی گەورە بە ناوەکانی (مارشاڵ، پرۆفسیۆری شەوە تاریکەکان، سەریاسی مەزن، پرۆفیسۆری عارەبانەکان) ناودەبرێت لەلایەن دەستەیەك لە هاوەڵانی و هاوتا سەریاسی دووەمیشەوە، لە هەمانکات دا لە هەڵهێنجانی سیفەتەکانیەوە سەریاسی دووەم بە (سەریاسی چەپەڵ، سەلکە زوڕنا) ناو دەبرێت.

## پەسنکردن

## ناوی گشتی

## جێناو

ئەم سێ پۆلینە پێکەوە باسدەکەین، چونکە لەیەکەوە نزیکن و پێکەوە لە چیرۆکدا دێنەوە. ناو نەهێنان یاخود ناوی گشتی و جێناو، سیستەمێکی دیاری کورتە چیرۆکە و زۆر جار بەهۆی مەودا کەمی چیرۆکەوە نوسەران هەست بە پێویست نەبوونی ناودەکەن و لەشێوەی ناوی گشتی یان جێناودا کەسێتیەکانیان نیشاندەدەن چونکە لە ((کورتە چیرۆکدا، پێشتر کەسێتی پەروەردەکراوە و تۆکمە بووە، لەبەر چاوی خوێنەری چاوەڕواندا لە ناو کارێکدایە کە یان گەشتۆتە لوتکە و ساتی هەستیاری خۆیی یان لە ناو کایەی ڕوداوێکدایە کە پێشر ڕویداوە بەلاّم نەگەشتۆتە ئەنجامی کۆتایی[76])) .هەر بۆیە ئەم کەسێتییە بێ ناوی تایبەتیش هەڵدەکات بە هۆی ئەو پێگە ئامادەکراوەوە، بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی لە ڕۆماندا ئەمە بەرچاو ناکەوێت و گرنگی ناو دەردەکەوێت بە هەموو جۆرەکانییەوە، مەگەر نوسەرێك کەتەواو دەسەلاّتی بەسەر تێکست دا بشکێ و وەك چاوێکی ئاگا بەردەوام بە دوای کاراکتەر و ڕوداوەکاندا بێ. ئەم چاوە ئاگایە لە ئەدەبیاتی جیهانی دا نمونەی دیاری( خوزێ ساراماگۆ)یە لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (کوێری)دا[77]. لەسەرتاسەری ڕۆمان دا ناو گشتییە و هیچ ناوێکی تایبەتی نایەت تاکو کەسێتی پێ دەرخات، تەنها پەسنکردن دەبێتە هۆی گوزارشتەکان هاوسەری دکتۆری چاوان، کچەی چاویلکە ڕەش، کوێرە پیاو، دکتۆری چاوان... ).ناوی لە(گەڕان بەدوای دورگەی نەدۆزراوەدا[78]) هەمان ستایلی کارکردنە و کەسێتییە دەستەبژێرەکانی بە ناوی گشتییەوە ناودەبات(پاشا، پیاوێك، ژنە خزمەتکارەکە، پاسەوانەکانی کۆشکەکە، بەرپرسی بەندەرەکە) نەك هەر هەست بە کەمی و جێ خاڵێتی ناوی تایبەت ناکرێ، بەڵکو پتەوانە کەسایەتییەکان دەردەکەوێت، ڕووداو بە ڕێڕەوی دیاری کراوی خۆیدا گوزەردەکات و جوانی بەرهەم نیشاندەدات.

---

[76] جمال میر صادقی، ادبیات داستانی، ل 288

[77] ژۆزێ ساراماگۆ، و.سەلاح ئاشتی، کوێری

[78] خوزێ سارا ماگۆ، و.مەریوان هەڵەبجەی، گەڕان بەدوای دوورگەی نەدزراوەدا

له ئەدەبی کوردیدا و له نەوەی دوای ڕاپەڕین و بەهەر دوو دەیەکەوە، لەلای هەندێ لە چیرۆکنوسان دەکەوێتە بەرچاو، نمونەی دیاری له چیرۆکەکانی سیامەندهادی دا دەبینرێ لە چیرۆکەکانی (یادەوەرییەکانی کۆلانێکی خاپورکراو) دا چیرۆك گەلێکن که تێیدا ناوی تایبەت ئامادەگی خۆی له دەستدەدات و کارناکاتە سەر ڕەوتی چیرۆکەکه، ناوی گشتی (باوکم، هاوڕێکەم، ئەفسەرەکه، پیاوەکه، دوکاندارەکه...) بەکاردێت. ئەم ناوانه چونکه گشتین (هۆبز) وتەنی شتی جۆراوجۆر دەهێننه زەینەوه به پێچەوانەی ناوی تایبەتەوه که یەك شت دەخاتە زەینەوه.[79] جگه له شتی گشتی به جۆرێك له جۆرەکان هەولێ تەواوی ناساندنی دەدات، ئەگەرچی ئاکار و بیرکردنەوەی له ڕوداودا دەردەکەوێت وەك له چیرۆکی( ئەو ژورەی که هاوڕێکەم خۆی تیاکوشت)دا دەبینرێن بەلام بەهۆی ناونەنانی تایبەتەوه خەرمانەیەکی تەماوی بەدەوری چیرۆکەکەدا دەبینرێ که دەبێته ئاستەنگێك لەبەردەم شوناسی دیاری هاوڕێکەی دا.

ناوهێنان بەهۆی پێویستی ناچارییەوه تەنها لە چیرۆکی (یادەوەرییەکانی کۆلانێکی خاپورکراودا[80]) بەرچاودەکەوێت (مام سمایل، مام حەسەن) که جیاوازییەکی وەهایان نییه لەتەك ناوی گشتی دا، چونکه سەرجەم کاراکتەرەکانی دی ناوی گشتییان هەیه، کاتێك وەگێڕ کە(من)ه نە بە جێناو نە بە تایبەت ناونابرێ، یادەوەرییەکانی زیندوو دەبنەوه بیری ڕوداوەکانی مالێ مام سمایلی دەکەوێتەوه کوڕەکەیان خۆی دەدا بە عەمودێکا، ئیدی ئەو ڕوداوه له چیرۆکەکەدا دەبێته شوناسی ئەو کوڕه، کاتێکیش باسی ڕوداوی کوڕێکی دیکەی ئەو مالە دەکات بۆ جیاکردنەوەی دەلێ (کوڕێکی مام سمایل، لەو کوڕەی گەورەتر بوو که خۆی کێشابوو بە عەمودەدەدا)، دواتر له ڕوداوێکی دیکەی هەمان مالدا ناوی ئەو کوڕەیان بەو شێوەیه دەبات دەلێ : کوڕێکیان- ئەو کوڕەی که خۆی کێشا به عەمودەکەدا..، بەم جۆره هەموو جارێك لە پێناو تێگەشتنی خوێنەردا بۆ ناسینەوەی کوڕەکه کردەیەکی کوڕەکه که(خۆکێشانه به عەمودەکەدا)دەهێنێتەوه، ئەمەش ناساندنی کەسێتی کاراکتەرە بەهۆی کردەوه نەك ناویەوه(ئەمەش شێوازی پەسنکردنه)، ئەم دووبارەبونەوەیە وەك سیستەمی دووبارەی ژیانی خۆی و ژیانی باوکی لەبەسەرهاتەکانی باوکیشیدا دێته ئاراوه، کوڕەکەی مالێ مام حەسەن وەك عەمودەکه ناودەبرێی لەبری ئەوه دەکرێت به ئاشەکه، له شێوەی هاوبیرەوەریدا کەسێتی بە نیمچە گۆڕانێکی مالەوه دەردەکەوێت.

توانا ئەمین له چیرۆکی (کچی ناو تابلۆکه)[81] داکه باس له ژیانی ژن و مێردێك دەکات، ناوەکان به ناوی گشتی دەبات و هاوتا وەسف دەکاته ڕێگایەك بۆ ئاشنابوون بە کەسێتییەکان. ناوی گشتی کاری خۆی دەکات و مەبەستی نوسەر له ناتەبایی دوو دونیای جیاوازدا نیشاندەدات. دەشێ نەهێنانی ناو مەبەستێك بێت تا جیهانی ژن و جیهانی پیاو له زندەگییەکی هاوبەشدا بخاتەڕوو، ئیدی ئەو چەمکە گشتییەکەی وەردەگرێت و نایەوێت لە

---

[79] ئیان وات، و.محەمەد کەریم، تیۆری ڕۆمان، ل 23

[80] سیامەند هادی، یادەوەرییەکانی کۆلانێکی خاپورکراو، ل67

[81] توانا ئەمین، کچی ناو تابلۆکه، مالێپەڕی مالێك له ئاسمان

رێگای ناوی تایبەتەوە بابەتەکە سنوردار بکات بۆ نێوان دوو کەسی دیاریکراو. هەربۆیە کاتێك دوو کەسی دیکەش دێنە ناو چیرۆکەوە بە هەمان شێوە ناویان دەبات (ژن و مێردێکی هاوڕێم بۆ نانخواردن بانگهێشتکردبوو). ناوی گشتی لەم چیرۆکە دا هەوڵێکە بۆ گوزارشتکردن لە پێچەوانەکان، ژنی بیر وەستاو یاسایی ئەندازەیی و پیاوی سۆزداری تێراماو.

لە چیرۆکی ( برینێك کە نەدەبوو پێ بکەنێ[82]، ڕاڕەوی هێواشترین ژیان[83])ی ڕێبوار حەمە ڕەحیم دا ناوی تایبەتی فەرامۆشکراوە و ناوی گشتی (باوکم، دایکم، باپیرم، باپیرەگەورەم..)دەبینرێ. ئەو ناوە گشتیانە بەهۆی جێناوی (م)وە دەناسرێن کە کەسانی نزیکی ڕاوین بەڵام دواجار لە چرکەساتی کۆتاییدا دەبینین کە منی ڕاوی خۆیشی لە شوناسی نادیاردایە و ڕوداو بەسەرهاتێکی ڕودراوە کە ئێمە ناتوانین بچینە شوناسییەوە و هەست بە نزیکی خۆمان بکەین، چونکە دواجار ئەو ناوە گشتییانە دەبنە بەربەست لەبەردەم ناسینی تەواودا بەهۆی فراوانی بیرکردنەوەوە لەسەر ئەو ناوە(ئەمە ڕێك پێچەوانەی ڕای عەتا محەمەدە).

لە چیرۆکی (گەڕانەوەی خوشکەکان)دا ناو لە سنوری ناوی گشتیدا هەوڵی تایبەتیکردنی دەدرێت بەهۆی ئاماژەی تەمەنەوە، بەڵام دواجار هەر بە ونی دەمێنێتەوە هەرچەندە دەڵێت (خوشکی گەورەم، خوشکی ناوەند، خوشکی عەیاری بچوکم، دایکم) کەچی تەنها پێگەی خێزانی دیاریدەکرێ نەك کەسایەتی تەواوی خوشکەکان. ئەم ناوانە لە ڕوی پێویستییەوە نابنە گوزارشت لە هەڵسوکەوت، بەڵکو کەسایەتییەکان لە ڕێگای ئەو پێگەیەوە ڕەفتاردەکەن کە پێی بەخشراوە، دایك دایکێتی خۆی دەنوێنێ لە مانا گشتگیرەکەی دا، خوشکیش نەهامەتی خۆی دەگێڕێتەوە. ئەم شێوازە باوە و کەسێتی ڕۆڵی خۆی دەبینێ ناویشی نەبێت، بەڵام نەك بەشێوەیەك کە دواجار هەموو دەنگەکان ببنەوە بەیەك دەنگ و ڕەسەنییەت و تایبەتمەندی خۆیان لە دەستبدەن و کەسێتییەکان لە چیرۆکەکاندا ببنە کۆپی یەکدی، بەهۆی قورسایی کەسێتی چیرۆکنوسەوە. بە واتایەکی دی کەسێتی ئەگەر ناویشی نەدرێتێ، ئەشێ بە شێوەیەك بنوێنرێ کە هەر نەبێ دیوی دەرەوەی بە تەواوی نیشانبدرێ، بەڵام دیوی دەرەوەی کەسێتییەکان لەم چیرۆکانەدا کاڵ کێشراوە ، دیوی ناوەوەیشیان بەهۆی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری نوێنراوییانەوە لە سەرەتادا لە هەوڵی باسکردندایە، بەڵام لەگەڵ درێژبونەوەی دەق دا بە تایبەت لە ساتی دیالۆگە درێژەکاندا، ناخی کاراکتەرەکان دەبێتە ناخی نوسەر و کەسێتی ناو چیرۆکەکان کاڵ دەبێتەوە لە ڕێگای ئەوەوە دەنگی چیرۆکنووس بەرزدەبێتەوە، تا دەگاتە کۆتای دیالۆگەکە ئەوسا کاراکتەر دەبێتە خۆی و لە قسەکردنێکی دا، لە ڕۆچونی مەبەستی نوسەردا ون دەبێ.

(دانا فایەق) هاوشێوەی سیامەند هادی، ناوی کاراکتەر بە ناوی گشتی دەنێت، کەسێتی خۆی لەقەرەی سێ یان چواردەدات و بە سانایی دەناسرێنەوە. لە چیرۆکی( تەرمێك لەودیو تەلە دڕکاوییەکانەوە[84]) منی وەگێڕ بە دیار

[82] ڕێبوار حەمە ڕەحیم، گەلاوێژی نوێ، ژ 2

[83] ساباتی چیرۆك، وێستگەکانی ئاینده(1)

[84] دانا فایەق، حیکایەتی ڕەشپۆشەکان، ل 5

تەرمێکەوەیە کە بە براکەم دەیناسێنیّ و ناویدەبات. شایەتحاڵی لەناوبردنی جەستەیەتی کە شوناسی دیارییەتی هاوکات بەهۆی کوشتنی و لە سنورترازانی دەبێتە نیشاندەری شوناسی کەسێتی نەتەوەیی کە بەهۆی کوشتنییەوە ئەویشی لێسەندراوەتەوە. دەنگی وەگێڕ بە خەمهێنەری دەردەکەوێت کە چیرۆکی براکەی دەگێڕێتەوە و ناوبەناویش ناوی هاوڕێکەی دەبات. ڕەوتی گێڕانەوەکە بە جۆرێك ئاراستە دەکات وەك ئەوەی کە بە ئێمە ئاشنا بێ و لەبەردەم ئێمە دا چیرۆکێك باسبکات کە ڕاستەخۆ پەیوەستەوە بەمەوە. لە چیرۆکەکانی دیکەش دا هەمان دەنگی هەیە وکەسێتییەکان شوناسی تەواویان نییە بەهۆی ناوی گشتییەوە.

(دڵشاد هیوا)، لە چیرۆکی (دەست و ئاسمان[85]) کەسایەتی سۆفییەك و شاعیرێك و وێنەکێشێك باسدەکات، وەك سێ کەسی هەڵگری خەسڵەتی پیشەیی دەبنە گێڕەرەوەی چیرۆکێك کە دواتر دەردەکەویّ ئەنفالە. ناوەکان لەژێر ناوی گشتی دان، بەڵام بەهۆی وەسفی کرداریانەوەەکەسێتییەکان تەواو دەردەکەون لە ڕوانگەی هەوڵدانیان بۆ مەسەلەیەکی نەتەوەیی مرۆڤانە. کەسایەتی سۆفی ئەگەرچی هەڵگری ناوی خۆیەتی لەسەرەتای چیرۆکەوە، بەڵام لە چرکەساتی کۆتاییدا نوسەر بە ئاقارێکی جودای دا دەبات بەهۆی ئەو کارەساتە جەرگبڕەوە یاخی دەبێت لە خودا.

ئەم جۆرە کەسایەتیە لە ژێر ناوی گشتی دا لەبەرهەمەکانی عەتا محەمەد دا بە تەواوی کاری لەسەرکراوە،(ئیمانداریك، زاهیدێك، سۆفییەك، شاعیرێك، کیمیاگەرێکی پیر، شوشەسازەکە، بۆنسازێك، جادوگەرەکە..)ئەم ناوە گشتییانە لەلای ئەم فراوانکردنی کەسایەتییە لە ڕوانگەی هەڵگری فرە خەسڵەتییەوە. نەهێنانی ناوی واقعی یان ئاسایی بە مەبەستە، چونکە دەڵێت( ناو بۆخۆی حەشاردانی کەسەکانە نەك دیاریکردنیان)[86] ڕەنگە بە هەموو ناو بەخشینێك ببیّ بە دەمامەکێك بۆ سنوردارکردن و نەناسینەوەی کەسێتییەکان، لە ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەکدا، کاتێك مەولانا دەڕواتە لای حەکیمێك و دواتر کە پرسیاری ناوی لێدەکات، حەکیمەکە بە بزەوە دەڵێت(ناوەکان گەمەیەکن، کە من نامەوێت لە پشت هیچ یەکێکیانەوە خۆم بەند بکەم)[87]ئەگەرچی ئەمە دەنگی عەتا محەمەد خۆیەتی و بەردەوام چ هێنانەوەی وەك دەق چ وەك بە ئاقاربردنی چیرۆکەکانی لەسەر ڕەوتی ناوی گشتیە، بەڵام لەگەڵ کارەکەیدا یەك دەگرێتەوە و لەگەڵ نوسینە حیکایەتئامێزەکانی دا تەواو ئاوێتە دەبن.

ئەگەرچی نوسەر سەرسامە بە سیحری ناو وەك ئاوازی دەربڕینەکەی و دواتریش وەك نیشاندەری کەسێتییەکان، کەچی لە چیرۆکەکانی دا ناوی تایبەتی نانیّ. لە (تینا)دا باسی سەرسامی خۆی دەکات بەرامبەر بە ناوی مەحوی و دیستۆفسکی ئیتالۆکالڤینۆ، ناو دەبەستێنەوە بە کتێبەکانی خاوەن ناوەوە و سیحری بەرهەمەکە لە چاوی ناوی نوسەرەکەوە دەبینیّ، وەك چۆن باس لە ئەبوعەلای مەعەری دەکات، کە شیعری بە ناوی خوازراوە بڵاوکردۆتەوە،

---

[85] دڵشاد هیوا، دەست و ئاسمان، سابات ژمارە (3،2)

[86] زارەکان، ل34

[87] ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك، ل 70

ئیدی چێژمان لێ نەبینیوە. بەهەرحاڵ نامانەوێ لە مەبەستە سەرەکیەکە دور بکەوینەوە، گەرەکمان بوو بڵێین کە ناو جێگەی سەرنجی نوسەرە لە دەرەوە چیرۆکدا، تەنانەت لە چیرۆکی تری نوسراودا، بەلاّم لە کارەکانی خۆیدا بە مەیل ناوی گشتی دادەنێت تا بمانخاتە نێو گومانی کەسایەتیەکانەوە وەك چۆن لە تینا دا دەڵێت (ناونان فێڵێکە خۆمانی پێ دەشارینەوە، هەر بۆیە گرنگی بە شتە لاوەکییەکانی وەك ناو و مێژوو نادەم و هەوڵدەدەم ڕاستەوخۆ باسی ئەو گەشتە بکەم کە ئیمانداره‌کەی گەیاندە مردن)[88] .

بە شێوەیەکی گشتی ناوی گشتی یان ناوەکانی سەر بەم پۆلێنە مەیلی نوسەرەکان هۆکاری بەکارهێنانیان دیاری دەکات، چەنکە برێك لە نوسەران ئەم شێوازە بە پەنایەك دەزانن تا مەبەستی خۆیانی تێدا پەنهان بکەن، هەندێکی دیکەش لە ڕوی کەم بایەخییەوە بە ناو، ناوی گشتی بەکاردەهێنن. بەلاّم ناوی تایبەتی کاری باشی تێداکراوە و سەلیقەی نوسەرانی ئەم قۆناغەی پێوە دیارە، چونکە دواجار وەك هەمووگۆڕانەکانی دیکەی فەرهەنگ و ئەدەب، چیرۆکیش لە نوێکردنەوە و داهێناندا خۆی بینییەوە.

لە کۆتایی و لە ئەنجامی باسەکەدا دەگەینە ئەوەی کە ناوی کاراکتەر لە چیرۆکی کوردیدا بەگەلێك شێواز کاریتێداکراوە. ئەزمونی چیرۆکنوسەکانی دوای ڕاپەڕین ئەوە دەردەخەن، کە ناو پێگەی دیاری هەیە لە دروستکردنی کەسێتی و بەرجەستەکردنی دا. ناوەکان دەکرێت جیاوازبن و لەشێوەی تایبەت یان گشتی و جێناو و پەسنکردندا بن، لەهەموو بارێك دا نوسەر بەبەشێکی گرنگی کارەکەی دەزانێ و دەتوانێ لە ڕێگای ئەو ناوانە جگە لە نیشاندانی کەسێتی، سەلیقەی خۆشی نیشانبدات لە وردەکاری خولقاندنی کەسێتیدا.

## سەرچاوەکان :

## چیرۆك و ڕۆمان


1. ئاکۆ کەریم مەعروف، پارکی بۆقەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2002
2. ئاکۆ کەریم مەعروف، سەفەری پیاوە ڕووتەکان، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاّوکردنەوەی سلێمانی، 2008
3. ئەحمەد موختار جاف، (پێشەکی و لێکۆڵینەوە د. ئیحسان فوئاد)، مەسەلەی ویژدان، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر 2008
4. بەختیار عەلی، ئێوارەی پەروانە، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، 2007
5. بەختیار عەلی، دواهەمین هەناری دونیا، لە بلاّوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپی دووەم 2003
6. بەختیار عەلی، شاری مۆسیقارە سپییەکان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی 2005


[88] تینا، ل 52

7. بەختیار عەلی، غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی 2008
8. توانا ئەمین، کچی ناو تابلۆکە، ماڵپەڕی ماڵێك لە ئاسمان
9. پیرەمێرد، دوانزە سوارەی مەریوان(داستانێکی مێژوویی کوردە)، چاپی سێیەم 1983، چاپخانەی کاکەی فەلاح
10. جەبار جەمال غەریب، لەسەرباران دەنوسم، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، 2006 سلێمانی
11. جەلیل کاکە وەیس، وەچەکانی مەولانا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاّوکردنەوە، 2008
12. جەمیل سائیب، لە خەوما، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، هەولێر 2008
13. خوزێ سارا ماگۆ، گەڕان بەدوای دوورگەی نەدزراوەدا، و.مەریوان هەڵەبجەی، لە بلاّوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی 2008
14. دانا فایەق، حیکایەتی ڕەشپۆشەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2008
15. دانا فایەق، چیرۆکی ونبوونی هابیل، ئەدەب و هونەر، ژ 624، 5شەممە 26\2\2009
16. دڵشاد هیوا، دەست و ئاسمان، سابات ژمارە (3،2) نیسانی 2006
17. ژۆزێ ساراماگۆ، کوێری، و.سەلاح ئاشتی ، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی 2007
18. ژوان ئاوارە، کۆتا وەسێتی بکوژێك، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2005
19. ڕەووف بێگەرد، دەستی خودا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2004
20. ڕێبوار حەمە ڕەحیم، برینێك کە نە دەبوو پێبکەنێت، گەلاوێژی نوێ، ژ 2، ساڵی یەکەم 1997
21. ساباتی چیرۆك، وێستگەکانی ئایندە(1)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2004
22. سیامەند هادی، یادەوەرییەکانی کۆلانێکی خاپورکراو، یانەی قەڵەم، سلیانی 2008
23. سەلاّح عومەر، جەنگ، کۆ بەرهەم، بلاّوکراوەی ئاراس، هەولێر 2008
24. شێرزاد حەسەن، تەمی سەرخەرەند، بلاّوکراوەی ئاراس، هەولێر 2003
25. عەباسی مەعروفی، و.محەمەد کەریم، ساڵی ئاشوب، خانەی چاپ و بلاّوکردنەوەی قانع(16)، سلێمانی 2005
26. عەتا محەمەد، تارژەنی ڕەنگ، کتێبی یانەی قەڵەم، سلێمانی 2009
27. عەتا محەمەد، زارەکانی خەون، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم 2002،
28. عەتامحەمەد، ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك، دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم 2004
29. عەتامحەمەد، تیناوچیرۆکەئەندێشەکراوەکان، چاپی یەکەم 2007، چاپخانەی ڕنج
30. عەتامحەمەد، گێلاسی خوێن، کتێبی یانەی قەڵەم، چاپی یەکەم 2007،
31. عەلی پێنجوێنی، حەرامترین، کتێبی یانەی قەڵەم، سلێمانی 2008
32. فاروق هۆمەر، سەرگەردانییەکانی پیاوێك، بلاّوکراوەی مەڵبەندی میدیا، 1999
33. فەرهاد پیربال، پەتاتە خۆرەکان، لە بلاّوکراوەکانی ماڵی شەرەفخانی بەدلیسی، هەولێر 2000
34. کاروان عومەر کاکە سور، ئەسپیدیلۆن، کتێبفرۆشی سۆران، چاپی دووەم، سلێمانی 2005
35. کاروان عومەر کاکە سور، سەدەی یەکەمی خەیاڵ، کتێبفرۆشی سۆران
36. کاروان عومەر کاکە سور، منداڵێم ئاسکێك بوو، بەسەر پەلکەزێڕنەکاندا بازبازێنی دەکرد، بەشی یەکەم و دووەم، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی موکریانی

37.کوردستان موکریانی د.(ئامادە و پێشەکی)، ڕونـاکی ، یەکـەمین گـۆڤاری کـوردی شـاری هـەولێر، دەزگـای چـاپ و بلاوکردنەوە ئاراس، هەولێر 2001
38.محەمەد ڕەشید فەتاح، هەلۆکانی ژێرخاك، بلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی 1999
39.موکری، ئەژدیها، چاپخانەی سیما، چاپی دووەم، سلێمانی 2005
40.نەجات نوری، دەسنووسی فەقێکان، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، 2007
41.نەجات نوری، شاری کتێبفرۆشان گەشتی یەکەمی مرۆڤـە سـەرگەردانەکان، ئـەدەب و هونـەر، ژ(618) پێـنج شـەمە 2009\1\15
42.هەورامان وریا قانع، دیداری منالەکانی ئاشوب، گەلاوێژی نوێ، ژ 2، سالی یەکەم 1997
43.هەورامان وریا قانع، گەڕانەوەی خوشکەکان، کتێبی یانەی قەلەم، سلێمانی 2008
44.هیوا قادر، ئاوێنە سەرابییەکان، مالپەڕی مالێك لە ئاسمان
45.یوسف عیزەدین، تەنها ڕۆژێکی سارد، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، 2008
46.یوسف عیزەدین، پێخەفێك لە خوێن، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر 2008
47.یوسف عیزەدین، دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنوسراوەکان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی 2006
48.یوسف عیزەدین، ماجەراکانی سەلمانی فارسی، یانەی قەلەم، سلێمانی 2009

**سەرچاوەکان :**

1. ئیان وات، و.محەمەد کەریم، تیۆری ڕۆمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2002 سلێمانی
2. احمد اخوت، دستور زبان داستان، نشر فردا، چاپ اول 1371 اصفهان
3. جمال میر صادقی، ادبیات داستانی، نشر صدف، چاپ چهارن، بهار 1382
4. حەسەن جاف، چیرۆکی نوێی کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری بلاوکراوەی کوردی، 1985
5. حسێن عارف، چیرۆکی هونەری کوردی1925-1960، چاپی یەکەم، بەغدا 1977
6. دانا عەسکەر، گێڕانەوەی یادەوەری و کورتکردنەوەی زمانی کاراکتەرەکان لە ڕۆمـانی دەسنووسـی فـەقێکانی نـەجات نوری، ڕەخنەی چاودێر، ژ 151، دووشەمە 2\2\2009
7. ڕامان ژ 100
8. ڕەئوف حەسەن، ئەندێشە جوانەکانی ڕۆح لە چیرۆکی هونەری کوردیدا، بەڕێوەبەرایەتی چـاپخانەی ڕۆشـنبیری، هـەولێر 2005
9. ڕێبوار سیوەیلی، دونیای شتە بچوکەکان، چاپخانەی ڕەنج، چاپی دووەم 2005
10.سابیر ڕەشید، قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی، نووسەری نوێ، ژ(17)، حوزەیرانی 2001
11.عومەر مەعروف بەرزنجی، لێکۆلینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کـوردی 1925\1969، چـاپخانەی کـۆڕی زانیـاری، بەغدا 1978
12.کلۆد جێرمان ریمۆ دۆبلان، واتاسازی، و.د.یوسف شەریف، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریـانی، چـاپی یەکـەم 2006
13.مەحمود زامدار، ناو نازناو و ناوەناتورە و ساناکردنی ناو لە ناو زمان و لەلای گەلی ئێمە دا.(بێ سال و شوێنی چاپ)

14.محەمەد فاروق عومەر د.، ناوی تایبەتی مرۆڤ لە زمانی کوردی و چەند زمانێکی تردا،
15.محمد فاروق عمر د.، دەستوری پێوەلکاندنی مرۆڤناو بە ناوی باوك و باپیر و لەقەبەوە لە زمانی کوردی و چەند زمانێکی تردا، ڕۆشنبیری نوێ، ژ 126، 1990
16.محمد نوری ئەحمەد، بونیاد زمانگەری لە خوێندنەوەی ڕۆماندا(ژانی گەل وەك نمونە)، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، چاپی یەکەم 2004
17.نەجم خالید نەجم ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا(ژانی گەل، ڕاز، شار وەك نموونە)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2004 سلێمانی
18.نەورۆز جەمال، خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی ئەژدیها، هەنار، ژ 2، نۆڤەمبەری 2005
19.والتر بنیامین، عروسك و كوتوله، گزینش و ترجمه. مراد فرهاد پور-امید مهرگان ، نشرگام نو، چاپ اول، تهران 1385

## تێبینی:

## ئەم باسە بە دوو بەش لە ژمارە (41/40) ی گۆڤاری هەناردا بڵاوبۆتەوە.